**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 253 – 289
http://www.ijoks.com

# The Effect of Leftist Thinking on Kurdish Organization in Eastern Kurdistan (1945 – 1938)

*Ismael Abdalrahman SAEED* [1]

**Received**: Jul 03, 2018 **Reviewed**: Aug 29, 2018 **Accepted**: Dec 12, 2018

## Abstract

Leftism has reached Kurdistan in various ways, including the social democratic movement of 1905, the Iranian Communist Party, the Tudeh Party of Iran (1941), and the arrival of the Sur Army Forces into Iran and their support for the Republic of Kurdistan. The first Kurdish organizations in Eastern Kurdistan, namely the Freedom Party (1938) and the Kurdistan Revitalization Society (J-K) (1942), were somehow affected by leftist thought.

The Kurdistan Democratic Party (KDP) was established on the foundation left by J-K in August of 1945. Due to the social composition of KDP's leadership, the radicalism of J-K is not apparent in its party program.

Generally, the tribal and sociopolitical structure of Kurdish society, the authority of Sheikhs and clergymen, and the existence of characters belonging to all those mentioned classes and strata was natural and has not led to radical social programs.

Kurdistan Democratic Party's leadership and particularly Qazi Muhammad has mostly sought a formula for coexisting and keeping the balance among rivals in that era, such as the farmers and landowners, tribal leaders, urbanites, and traditional moderates, in order to reunite them all under the national umbrella.

In the structure of the KDP, the same formula of tolerance has been considered and the left wing the Society for the Revival of Kurdistan (Komeley Jiyanewey Kurdistan or JK) though in newly organizing (KDP), did not have the chance as appeared previously, and practicing its programs, at the same time had a kind of tolerance with the right wing and conservative ones.

**Key words:** Azadi Party, J-K, Organization, Kurdistan Democratic Party, Radicalism, Conservatism, Communism, Soviet Union, Tudeh Party

**Recommended citation:**
Saeed, I.A. (2019). The Effect of Leftist Thinking on Kurdish Organization in Eastern Kurdistan (1945 – 1938). *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 253 – 289 DOI: **10.21600/ ijoks.516509**

---

[1] Department Of History, faculty of Education Koya University, Danille Mitterand Boulevard Koya, E-mail: ismael.abdalrahman@koyauniversity.org, **ORCID NO** : https://orcid.org/0000-0002-3940-0234

# کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپ لەسەر ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1945-1938)

م. ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید

زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی مێژوو

- پێشەکی
- تەوەری یەکەم: دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- باسی یەکەم: حیزبی ئازادی کوردستان(1938)
- باسی دووهەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ژ-کاف" (1942)
- تەوەری دووهەم: حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەزموونی پراکتیزە کردنی بەرنامەکەی.
- باسی یەکەم: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (1945)
- باسی دووهەم: کۆماری کوردستان(1946)
- ئەنجام
- لیستی سەرچاوەکان

**پێشەکی:**

یەکێك لە کاریگەرترین ئایدولۆژییەکانی سەدەی بیستەم کە مۆرك و نیشانی خۆی لە زۆر ڕووداوی سەددی ڕابردوو داوە و بە ملیۆنان کەس شوێنکەوتووی خۆی کرد بیری چەپ بوو. هەر بۆیەش بوو بە یەکێك لە بەهێزترین ڕەوتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی کومەڵگای مرۆڤایەتی، بە جۆرێك لە کۆتایی دەیەی 1980دا پانزدە وڵاتی جیهانی بە دانیشتووانی پتر لە 1 ملیار و 550 میلیۆن کەس خاوەنی ڕژێمی کومونیستی بوون.

ئەندێشەی چەپ لە سەرەتا لە ڕێگەی ئەو کوچبەرە ئێرانیانەی (زۆرتر ئازەری) کە بۆ کار لە قەفقاس گیرسابوونەوە و لەوێ کەوتبوونە ژێر کاریگەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا (بەلشەڤیك) گوێزرایەوە بۆ ئێران کە بە بزاڤی "سۆسیال دێموکراسی" بەناوبانگن و لە شۆڕشی مەشڕووتەدا چالاك بوون.

کوردستانیش لەم دیاردە گشتگیرە بێبەری نەبوو و ئەم ئەندێشەیە لە ڕێگەی جوراوجۆر وەك: سۆسیال دیموکراتەکان، حیزبی کومونیستی ئێران، حیزبی توودە و هاتنی سوپای سوور بۆ کوردستان و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان بە کوردستاندا بڵاوبۆوە.

بانگەشەی چەپ بۆ دادپەروەریو نەهێشتنی هەرچەشنە ستەمێکو ڕزگاربوونی بەشێکی ناوچە کوردییەکان لەژێر ستەمی دەوڵەتی ناوەندی لە ئەنجامی هاتنی سوپای سوور، سەرنجو پێشوازی ڕووناکبیرانو بەشێکی دەستەبژاری کوردی لە بیری چەپ لێکەوتەوەو ئەمە لە یەکەم

ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بنەمادا ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست یا مارکسی-لینینی نەبوونو تەنانەت ڕێکخراوێکی وەک (ژ-کاف) هەڵگری پێناسی نەتەوەیی- ئایینی بوو.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشک خستنەسەر کارتێکەریی بیری چەپ بەسەر ئەم ڕێکخراوانەو هەوڵ دراوە پشت بە مێتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژوویی ببەستینو لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرجاوە مێژووییەکانو بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکان لە ئامانجی توێژینەوەکە نزیک ببینەوە، کە گرینگترینیان بریتین لە هەر نۆ ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی (ژ-کاف)و ژمارەکانی رۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، هەم وەک بڵاوکراوە هەم وەک سەرچاوەی ڕەسەن زانیاری بەنرخیان لەسەر بۆچوونو سیاسەتەکانی ئەم حیزبو ڕێکخراوەیە لەو قۆناغە بەدەستەوە دەدەن. کتێبەکانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" و "کۆماری کوردستان" لە نووسینی حامید گەوهەری، خاوەب چەندین زانیاریو بەڵگەنامەن سەبارەت بە کۆمەڵەی (ژ-کاف)و کۆماری کوردستان، ، بە تایبەت کە بەشێك لەو بەڵگەنامانە لە ئەرشیفی نهێنی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دەسکەوتوون و ئەمە سوودیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە. کتێبەکانی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفیی سۆڤیەتی" لە ئامادەکردنی د.ئەفراسیاو هەورامی و کتێبی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەڕیتانیادا" لە ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، دوو کتێبی بەڵگەنامەیین کە تایبەتن بە بەڵگەنامەکانی دوو وڵاتی زلهێزی ئەو سەردەم سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ساڵەکانی (1941- 1946) و خۆیان ڕۆڵی چارەنووس سازیان تیایدا گێڕاوە. ئەم سەرچاوانە کە دەچنە خانەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان و لەم سۆنگەیەوە یارمەتیان بە زۆر لایەنی ناڕوونی ئەو قۆناخە گرینگەی مێژووی "حدکا" کردووە و هەربۆیەش زانیاری بە نرخیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپ لەسەر حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان"(1945-1938)، دوو تەوەر لەخۆ دەگرێو هەر تەوەرێک بەسەر چەند باسدا دابەش کراوە. تەوەری یەکەم: بۆ دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کاریگەری بیری چەپ بەسەریانەوە دیاری کراوەو بەسەر دوو باسدا دابەش بووە. باسی یەکەم: بۆ "حیزبی ئازادی" تەرخان کراوە کە لە هەلومەرجێکدا پێکهات، کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریو سیاسەتی ناسیۆنالیستی ڕەزاشای پەهلەوی بەڕێوەدەچوو. ئەم حیزبە وەک لەبەرمانەکەی دەردەکەوێ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی نەبووە، بەڵکوو بریتی بوو لە پشتگیری لە بەرەی دێموکڕاسیو بیروباوەڕی چەپ، باسی دووهەم: باسی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ-کاف)دەکات، وەک یەکەم ڕێکزراوی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەند ئەم ڕێکخراوە لەلایەن هەندێک کەسەوە بە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی- ئایینی پێناسە کراوە بەڵام کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپی بەسەرەوە. تەوەری دووهەمیش تایبەت کراوە بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەزموونی پڕاکتیزە کردنی بەرنامەکەی کە لە دوو باس پێکهاتووە. باسی یەکەم: تایبەتە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لەسەر داروپەردووی کۆمەڵەی (ژ-کاف) دامەزرا، بەڵام بە پێچەوانەی سەرکردەکانی (ژ-کاف) زۆرتر لە سەرۆک عەشیرەتو خاوەن زەوییەکانو بازرگانەکان پێکهاتووەو هەر بۆیە باڵی چەپ لە کە کۆمەڵەی (ژ-کاف)دا دەسڕۆیشتوو بوو لەم حیزبەدا دەخرێتە پەراوێزەوە. لە باسی دووهەمدا: بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان تەرخان کراوە، تیشکی خستۆتە سەر کاروکردەوەکانی کۆمار کە لەڕووی چاکسازیی

کۆمەڵایەتییەوە لەهەمبەر حکوومەتی میللی ئازەربایجان ڕادیکاڵیزمی پێوە دیار نییەوە زۆرتر کۆنەپارێزانەیەو گرینگی بە پرسی نەتەوەیی دەدا.

## تەوەری یەکەم: دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### باسی یەکەم: حیزبی ئازادیی کوردستان (1938):

حیزبی ئازادیی کوردستان لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی ڕەزا شا لە ئێران و بە ناوەندیکردنی دەسەڵات، تێکشکاندنی بزووتنەوە خێڵەکییە چەکدارییەکانی کوردی بە دواوە بوو. عەشیرەتە کوردەکان چەك کران، زۆربەی سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد گیران و لە کوردستان دورخرانەوە و تا ڕووخانی دەسەڵاتەکەی، ستەمی ڕەزاخان و دەسەڵاتی پۆلیسییانەی لە کوردستاندا هەموو جۆرە جووڵانەوە و چالاکیی سیاسی و کولتووریی کوردی قەدەخە و سەرکوت کرابوو[2]. گەلێك توندوتیژی ناڕەوا دەرهەق بە نەتەوەی کورد و لەڕاستیدا بە تێکڕای پێکهاتەی داب و ئاکاری ژیانیان کرا. ڕەزاشا بێ گرینگیدان و لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە، بڕیاری دا سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێ و گوێ بە ئاکامەکانیش نەدا و هەموو بەرگرییەك بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کرا[3]. ڕەزا شا پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، یەکە و ناوەندیی ئامانجی بوو و بۆ گەیشتن بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەچارەی لەسەر بنەمای دروستبوونی یەك نەتەوە و یەك زماندا دەدۆزییەوە[4]. ئەمەش واتە "نەتەوەسازی و یەکڕەنگ کردنی کولتووری" کە تەنیا لەڕێگەی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە نەتەوەی فارسدا وەدی دەهات، ڕێبازێك کە بەکارهێنانی ئامراز و ئەهرومەکانی دەسەڵاتی خۆی، واتە سوپا و بۆروکراسییەکی لە حاڵی پەرەئەستاندا بەڕێوە دەچوو[5].

لەم دۆخە ناهەموارەدا یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی حیزبی ئازادیی کوردستان لە مانگی جونی (1938) لەدایك بوو[6]. بەهۆی نهێنیی کاری و هەڵسووڕانی پڕ مەترسی ئەو قۆناغە تا ئێستا بە ڕوونی ناوی تێکڕای بناغەدانەرانی و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نەخراوەتە بەرچاو، بەڵام بەگشتی ناوی بەشێك لەوانە دەرکەوتووە کە تێکڕایان لاوی مهابادی بوون، وەك: حوسێن فروهەر (زێڕنگەران)، کەریم یاهو، مەحمود ڕابتی، حوسێن میکائیلی، محەممەد نانەوازادە بە سەرۆکایەتیی

---

[2] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، 2004، ل 263.

[3] د. وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد و بنەما و پەرەسەندنی، و: د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی، 2008، ل 518.

[4] الکساندرماتیل: دایرةالمعارف ناسیونالیسم، ت: کامران فانی و محبوبه مهاجر، ج3، تهران، 1381، ص 1005.

[5] امیر سجادی: ژ- ک از پارادایم فربەسازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژهەڵات، ژ 17، ل 7.

[6] حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، هەولێر،چاپخانەی شەهاب، 2011، ل 22. لەسەر ناو و مێژووی دامەزراندنی ئەم حیزبە نووسەران و لێکۆڵەران کۆك نین، چونکە بەڵگە و دیکومێنتی پێویست لەم بارەیە لەبەردەستدا نییە. د.یاسین سەردەشتی لە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەم حیزبە بە ناوی "سەرنجێکی مێژوویی لە (حزبی ئازادی کوردستان)"دا دەنووسێ: ئەم ڕێکخراوە لە سەرچاوەکاندا بە ناوی جیاواز هاتووە وەك (کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد، کۆمەڵی ئازادیخوازی کوردستان، حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، حیزبی ئازادیخوازی کورد) هاتووە. ئێمە (حیزبی ئازادی کوردستان)مان لە تێکڕای ئەوانە پێ ڕاسترە، چونکە لە مەرامنامەکە حزبدا، ناوی بەم شێوەیە هاتووە. (د.یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب1، سلێمانی، 2007، ل 137. هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ- ک) لە ڕاپۆرتێکی گشتیدا بۆ "مولوتوف" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ناردووە مێژووی ژێکافی بە مێژووی حیزبی ئازادی کوردستان گرێ داوە و لە مەڕ دامەزراندن و مێژووی (ژ- ک) نووسیویەتی: "حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی (1938) دامەزراوە، بەڵام بەهۆی کۆنتڕۆڵی توندوتیژی حکومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە (حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم، 1999، ل 24) بۆ بینینی دەقی ئەم ڕاپۆڕتە کە بەزمانی تورکی ئازەربایجانی نووسراوە، بڕوانە (ه.س. ل 235- 239) بەڵگەنامەی ژمارە دوو. لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا کە بەهۆی وەزیری جەنگی ئێران بۆ عەلی سوهەیلی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی ئێران ناردوویەتی و لەلایەن لەشکری چواری کوردستان ئامادەکراوە و دەقی "مرامنامە حزبی ازادی"یشی لەگەڵ هاوپێچ کراوە، ساڵی دامەزراندنی ئەم حیزبە بۆ ساڵی (1939) دەگەڕێتەوە (بهروز طیرانی: اسناد احزاب سیاسی ایران، 1320- 1330، انتشارات سازمان ملی ایران، تهران، 1376، ص 25- 30) بەهۆی ئەوەی زۆربەی دەستەی پێکهێنەرانی (ژ- ک) دامەزرێنەرانی حیزبی ئازادی بوون، دەبێ ئەوان باشتر ئاگاداری مێژووی لەدایك بوونی ئەم حیزبەبن. (بەڵگەنامەی ژمارە 2).

ڕووناکبیری مەهابادی "عەزیز مەلا زەندی" کە بە "عەزیز ئەڵمانی" یاخوود "دوکتۆر عەزیز زەندی"ش نادەبرێ[7].

ژیان و چالاکیی سیاسیی حیزبی ئازادی بۆ دوو قۆناغی جیاواز دابەش دەبێ. یەکەمیان لەکۆتایی سییەکان و ترۆپکی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزاشا، دووەمیشیان لەگەڵ داگیرکردنی ئێرانە لەلایەن هێزە هاوپەیمانییەکان لە 25ی ئابی 1941 و ڕووخانی حوکمەتی ڕەزاشا و هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهەنشاهیە[8] و لەساڵی (1941)دا کۆتایی بە چالاکیی ئەم حیزبە هات. ناکۆکیی ئایدۆلۆژی و فکری لە نێو دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ئازادیی کوردستان. ئەم حیزبە بە کردەوە بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو. زەندی بەهۆی سەفەرێکی کە بۆ ئەڵمانیا کردبووی و لە نزیکەوە شاهیدی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەڵمانییەکان بوو، لایەنگری زۆری بۆ ئەڵمانیا هەبوو و ئەمە لە هەندێك شێعری زەبیحیدا دەردەکەوێ. لەلایەکی تر زەبیحی و فروهەر بەلای سۆڤیەتدا دایاندەشکاند، بە خوێندنەوەی چەند شیعرێکی زەبیحی ئەو داشکاندنەمان بۆ ئاشکرا دەبێ[9].

بەرنامەی ئەم حیزبە لە بیست و هەشت خاڵدا کۆکراوەتەوە و لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە خۆگرتووە[10]. ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەم حیزبە وەك لە بەرنامەکەی دەردەکەوێ، ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە پشتگیری لە بەرەی دێموکراسی و بیروباوەڕی چەپ[11]. مامۆستا هێمن موکریانی کە شایەتحاڵێکی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەیە لە مەڕ ئەو حیزبە دەڵێ: حیزبێکیش بەناوی "حیزبی ئازادی" بە بەرنامەیەکی چەپەوە سەری هەڵدا و نەژیا[12].

لەمەرامنامەکەدا وادیارە حیزبی ئازادی کوردستان ڕێکخراوێکی دێموکراسیخوازی ئەنتی فاشیستی پێشکەوتووخوازی کوردستانیی ڕیفۆرمیست بووە، نە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستیی تۆخ، و نە چەپێکی ڕادیکاڵ بووە. بڕوای بە کوردستانێکی ئازادی و نەتەوە و فرەزمان و کولتوور بووە، کە تەواوی نەتەوەکانی وەك کورد، ئەرمەن، ئاسۆری، هتد لە کاروباری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئایینییدا، لە سایەی سیستەمێکی کۆماری عەلمانییدا ئازاد بن[13] بێجگە لەم تایبەتمەندییانە وردبوونەوە لە چەند خاڵێکی مەرامنامەی ئەو حیزبە کە لایەنگری لە چینێکی تایبەتی (ڕەنجبەران و کرێکاران) دەکا، وەك: دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و

---

[7] د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (1939- 1979) چ2، سلێمانی، 2011، ل 165. مەحمەوودی مەلا عیزەت دەڵێ: لە دامەزرێنەرە بەناوبانگەکانی حیزبی ئازادی: مەلای راودی، حسین فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی بە ڕابەڕی عەزیزخانی زەند بوون (محموود مەلا عزت: کۆماری میللی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بەشی یەکەم، چاپخانەی شەهید ابراهیم عزۆ، 1984، ل 61.

[8] د.یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی..، س.پ، ل 138. (نووسەر بۆ سەلماندنی دەستپێکی قۆناغی دووهەمی ژیانی حیزبی ئازادی پشت دەبەستێ بە بیرەوەرییەکانی هەژاری موکریانی"چێشتی مجێور" و دەقی پێشەکیی "تاریك و ڕوون"ی دیوانە شیعری هێمن موکریانی.

[9] ناصر باباخانی: عبدلرحمان زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان، مهاباد، 1378، ص 9. حیزبی ئازادی کوردستان بەبۆنەی هاتنی لەشکری سوور بەیاننامەیەك دەردەکا و بەخێرهاتنی دەکا (علائەدین سەجادی: شۆرشەکانی کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی معارف، 1959، ل 276). ئەم پێشوازییە لە ڕاپۆرتی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ "مولوتوف" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتدا بەم چەشنە هاتووە: "بەبۆنەی هاتنی لەشکری سوور بۆ مەهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نووسی و دەست بە دەست بڵاوی کردەوە و ڕایگەیاند هەر کەس ئەم بەیاننامەی پێ دەگا، لاپەڕەیەکی لەڕوو بنووسێتەوە و بیدا بە کەسێکی تر، حیزبی ئێمە لەو بڵاوکراوەیەدا لەشکری سووری بە ناوی لەشکری ئازادیکەری نەتەوەی کورد ناساند، دوای هاتنی لەشکری سووری سۆڤیەت بۆ ئێران دەرکەوت حیزبی ئێمە لە نێو حیزبەکانی دیکەدا پێشکەوتووترین حیزبی دژ بە فاشیست بووە (حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، س.پ، ل 22) کوریس کۆچێرا دەنووسێ: لە جونێڤێری (1942) کاربەدەستانی سۆڤییەت کۆمیتەی "حیزبی ڕزگاریخواز" کە کورد و ئاسووری و ئەرمەنیی ڕێکدەخست لە پاش تێکهەڵچوونی ئەندامانی ئەو حیزبە لەگەڵ ژاندرمەکانی ئێران هەڵوەشاند (کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ترجمە: ابراهیم یونسی، تهران، 1373، ص 201).

[10] بڕوانە: بهروز طیرانی، م.ق، ل 25030، (بەڵگەنامەی ژمارە 3).

[11] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، س.ث، ل 264.

[12] هێمن موکریانی: دیوانی هێمن، سلێمانی، بهاری 2708 کوردی (2007ز) ل 45.

[13] د. یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، س.پ، ل 146.

کرێکاران لە هەموو ویلایەت و شوێنەکان بەمەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و دامەزراندنی دامەزراوە هەروەزییەکان (تعاونی) و هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازاتەی کە ژیانی جوتیارەکان نائاسوودە دەکا[14]، گومانی ئەوە ناهێڵێتەوە کە مەرامنامەی یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گوزارشت لە کاریگەریی بیر و ئەندێشەی چەپ بەسەر ئەم حیزبە دەکا و بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوکات و ڕیشەداربوونی دین تێیدا حیزبی ئازادی نەیدەتوانی بەرنامەیەکی لەوە ڕادیکاڵتری هەبێ. تەنانەت حیزبی تودە (1941) کە دامەزرێنەرانی پەیرەوییان لە ئایدۆلۆژیای مارکسیستی دەکرد، لە سەرەتادا وەك حیزبێکی چەپی ڕادیکاڵ دەرنەکەوتن[15].

## باسی دووەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ- ک) 1942:

ساڵی (1941) هێزی هاوپەیمانەکان، کە بەشێکیان هێزەکانی سۆڤیەتی بوون، هاتنە ئێران و دیکتاتۆریی ڕەزاشا ڕووخا و ئازادییە دیموکراتییەکان لە وڵاتدا بوژانەوە[16] و دەستە و ڕێکخراوی سیاسی لە وڵاتدا دروست بوون[17]. لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ و زەمینەسازی بۆ نەتەوە نا فارسەکان لە ئێراندا ڕەخسا کە دەست بە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بکەن. نەتەوەی کوردیش شان بە شانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا هەوڵی دا لە میانەی خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستندا نەخشی خۆیان هەبێ لە ڕووداوە نێوخۆییەکان و لە هەوڵی ناسین و پاراستنی ناسنامە و شوناسی کوردایەتیی خۆیاندا بن[18].

پێکهاتنی یەکەم ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کۆمەڵەی (ژ- ک)، (ژیانەوەی کوردستان) پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا هەبوو. کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستان کورتکراوی (ژ- ک، J.K)ە، لە 16ی ئابی 1942 لە سەر دادپەروەریی (حیزبی ئازادی کوردستان) دامەزرا[19] لە سەر ناو و دەستەی دامەزرێنەرانی (ژ- ک)یش نووسەران و لێکۆڵەرانی ڕای جیاوازیان هەیە[20]، بەڵام دەبێ ڕای عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە سکرتێر و لە دامەزرێنەرانی سەرەکی (ژ- ک) و بەرپرسی گۆڤاری "نیشتمان" بوو، لەم بارەیەوە بەڵگەمەندتر بێ. زەبیحی ناوی ڕێکخراوەکەی بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دەناسێنێ[21] و لەسەر دەستەی دامەزرێنەریش بەهەمان شێوە دەبێ لیستی

---

[14] بۆ وێنە خاڵی 12 لە مەرامنامەکە دەڵێ: (دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو ولایەت و شوێنەکان بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و نۆژەنکردنەوەی وێرانکارییەکانی سیاسی پێشوو) لە خاڵی 20دا دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئیمتیاز و یاسایانەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆی و دامەزراندنی دامەزراوە، هەروەزییەکان تاوەکو جوتیار بە یەکجاری ئاسوودە بن)، بهرۆز طیرانی، س.پ، ل 25-30.

[15] بۆ زانیاری لەسەر یەکەم مەرامنامەی حیزبی توودەی ئێران، بڕوانە: عبدلصمد کامبخش، م.ق، ص 53- 51. (بەڵگەنامەی ژمارە 4) کومینتێرن (دەفتەری نێونەتەوەیی سێهەم لە مۆسکۆ بەو کەسانەی کە جێی متمانەی بوون، لەوانە: ڕەزا ڕوستای ڕاسپارد کە حیزبی نوێ نابێ ناوی حیزبی کومونیست بێ هەم بەهۆی یاسای دژە کومونیستی ساڵی 1310 (1931ز) کە یاسایی بوونی کومونیستەکانی قەدەغە کرد بوو، هەم بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتی ئێران کە بوونی حیزبی کومونیستی سەربەخۆی بە پێویست نازانێ. (احسان طبری، کژراهە، م.ق، ص 43.

[16] د.عەبدولڕەحمان قاسملو: کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، و: عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەغداد، 1973، ل 90.

[17] حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001، ل 180.

[18] هیوا عەزیز سەعید: خۆیبوون، هیوا، ژ- ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی)، سلێمانی، 2006، ل 67.

[19] د.کمال مظهر احمد: دراسات فی التاریخ ایران الحدیث و المعاصر، الامانە العامە الثقافە و الشباب، بغداد، 1985، ص 257.

[20] ناسر باباخانی کە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زەبیحی بە ناوی (عبدالرحمن زبیحی کاریزمای ناتمام) ئەنجامداوە دەڵێ: لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی ژێکاف ڕای جیاواز هەیە، هەندێك لە مێژوونووسان بەناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" و بەشێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کورد" و هەندێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کوردستان و دواجار بە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" ناویان هێناوە (ناسر باباخانی، م.ق، ص 10).

[21] عەبدولڕەحمان زەبیحی: وەڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی روزڤێلت، و: جوتیار حاجی تۆفیق، ئایندە (گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ) ژ4، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، 2003، ل 148. هەروەها لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکیەتیی سۆڤیەتدا هاتووە لە چاوپێکەوتنی زەبیحی

زەبیحی لە ڕاستی نزیکتر بێ. زەبیحی بەم جۆرە ناوی دامەزرێنەران دەبا: 1- حوسێن فروهەر (زێرینگەران) 2- عەبدولڕەحمانی زەبیحی 3- عەبدولڕەحمانی ئیمامی 4- مەلا قادر مودەڕیسی 5- نەجمەدین تەوحیدی 6- محەمەد نانەوازادە 7- عەلی مەحموودی 8- محەممەد ئەسحابی 9- عەبدولڕەحمان کیانی 10- سەدیق حەیدەری 11- قاسم قادری[22]. عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسین فروهەر (زێرینگەران) و مەلا عەبدوڵڵا داوودی ئەندامی دامەزرێنەری حیزبی ئازادی کوردستان بوون و بە وتەی زەبیحی هەر سێ حیزبی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا یەك حیزبن بەڵام لە سێ هەل و مەرجی جیاوازدا[23]. هەڵبەت هەلومەرجی دامەزراندنی حیزبی ئازادی کوردستان زۆر جیاواز بوو لەم دوانەی تر، چونکە هێشتا دیکتاتۆریی نەفەس بڕی ڕەزا شا نەڕووخا بوو و مەجالی چالاکیی سیاسی بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی نەدەدا و لەستراتیژی نەتەوەیشدا ئەم جیاوازییە دەبینرێ.

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک)ە کە سەر بە کوردی شارنشینی وردە بورژوازی بوون، چ تەقلیدی و چ مۆدێرن کە هەڵبەت دەستەی دووهەمیان باڵادەست بوو تێیدا[24]. شارەکان خۆیان فراوان دەبوون و لەگەڵ فراوان بوونیاندا چینێکی خوێندەوار گەشەی دەکرد، ئەم چینە خوێندەوارە لەگەڵ ئەو نەوەیەی پێشوو کە بزووتنەوەی کوردی ڕێبەرایەتی کردبوو، جیاوازبوو[25] هەروەها نیشتەجێکردنی بەزۆریی عەشیرەتەکان و لاوازکردنیان بەهۆی سیاسەتی سینترالیزەکردنی وڵات لەلایەن ڕەزا شاوە، ڕێگەی خۆشکرد بۆ ڕەوتی گواستنەوەی دەسەڵات و ڕێبەری لە سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ سەرکردەکانی شار لە کوردستان[26] هەربۆیە ئەم کۆمەڵەیە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو، چونکە یەکەم کۆمەڵی نەتەوایەتیی کوردی بوو کە دامەزرێنەرانی (ئاغا و شێخەکان) نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕۆشنبیر و بازرگان و زانایان بوون، واتە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردی بوون کە تەنیا هەوڵیان نەدەدا بۆ مافەکانی خۆیان بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون[27].

کۆمەڵەی (ژ- ک) لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکەرەوەی بیری ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دەنووسێ:

---

و مستەفا ئیلخانی زادە لە ڕێبەرانی (ژ- ک) لە 13ی سیپتێمبەری 1944 لە پەیوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی (ژ- ک) زەبیحی گوتی: ئەم ڕێکخراوە دوو ساڵە پێك هاتووە و ناوی پارتی ژێکافە و مانای (پارتی ژیانەوەی کوردستان)ە. (د.ئەفراسیاو هەورامی، س.پ، ل 112.

[22] سدیق ساڵح: بیرەوەرییەکانی محەممەد شاە پەسەندی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007، ل 22. مەلا قادر مودەڕیسی کە خۆی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بووە بناغەدانەرانی (ژ- ک) بەم جۆرە ناودەبا: "موحەممەدی نانەوازادە، 2- ڕەحمان زەبیحی، 3- حوسینی فروهەر، 4- عەبدولرەحمان ئیمامی، 5- قاسم قادری، 6- مەلا عەبدولای داوودی، 7- موحەممەدی یاهوو، 8- سەدیق حەیدەری، 9- عەبدولرەحمان کیانی، 10- مەلا قادر مودەریسی (سەید موحەممەد سەمەدی، ژ- ک) چ بوو؟، چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟، مەهاباد: چاپخانەی سیدیان، 1980، ل 15) ڤیلیام ئیگلتون نووسەر و دیپلۆماتی ئەمریکی ناوی دامەزرێنەرانی (ژ- ک) بەم چەشنە نووسیوە: (1- ڕەحمان حەلوی، 2- محەممەد ئەمین شەرەفی، 3- محەممەد نانەوازادە، 4- ڕەحمان زەبیحی، 5- حوسین فروهەر، 6- عەبدولڕەحمان ئیمامی، 7- قاسم قادری، 8- مەلا عەبدوڵڵا داوودی، 9- قادر مودەریسی، 10- ئەحمەد عیلمی، 11- عەزیز زەندی، 12- محەممەدی یاهو، 13- میرجاح لە عێراق (ڤیلیام ئیگلتن: کۆماری مەهاباد، 1946، و: سەید محەممەدی سەمەدی، چاپخانەی سیدیان، مەهاباد، 1358، ل 105) نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕەنگە هەندێ لەمانە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبن، بەڵام دەبێ هەموویان لە گەشەپێدان و بەهێزکردنیدا بەشدار بووبن (نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، (کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا)چ2، هەولێر، 1992، ل 59).

[23] عەبدولرەحمان زەبیحی: س.پ، ل 149.

[24] عەبباسی وەلی: پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید، 1995، ل 21.

[25] دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2002، ل 497. بۆ نموونە کەسێکی وەك عەبدولڕەحمانی زەبیحی لەبەرچاوبگرن کە تەقدیر وابوو نەخشێکی ڕێبەرایەتی لە بزووتنەوەی مەهاباد ڕابگرێ، ئەو سەر بە بنەماڵەیەکی وردە بورژوازیی بازاری بوو، تەنیا لە یەك ژووردا دەژیان. لە تەمەنی پازدە ساڵی وازی لە مەکتەب هێناوە و بە دەرس دانی کوردە ئاغاکان خۆی دەژیاند (دەیڤید مەکداول: ە.س، ل 493.

[26] امیر سجادی، س.پ، ل 17.

[27] د.عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران بابانزادە، ب2، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، 2010، ل 332.

ئەی برای کوردی خۆشەویست

کۆمەڵەی (ژ- ک) بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دوو بەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێ تا زنجیر و کەلەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێك و پێك بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بە سەربەستی تیا بژی[28].

بەمجۆرە یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا کە هەم ئایدۆلۆژیای هەبوو، هەم بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستی ڕوون، واتە: ستراتیژی موشەخەسی هەبوو کە بریتی بوو لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی گەورە. هەر لە مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا هاتووە، کە: "کۆمەڵەی ژ- ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە و هەموو قانوون و نظامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق دەکرێ و ئینجا دەخرێتەکار"[29]. لە بەندێکی دیکەی مەرامناکەیدا جەخت لەسەر بەڕەسمی ناسینی تەنیا ئاینی ئیسلام دەکا و دەڵێ: "بەبۆنەی موتەدەین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسی و بۆ تەرویجی شەرعیەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتنی هەموو ڕێ و شوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ منافیقان بەربەرەکانی بەشیدەت دەکا"[30] و هەروەها لە چەندین ژمارەی دیکەی "نیشتمان"دا چەندین وتاری تایبەت بە ئاینی و مێژووی ئیسلام هەیە[31] هەروەها کەسێکی کە دەبوو بە ئەندامی (ژ- ک) بە وتەی مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی (ژ- ک) سەرەتا دەچووە حەمامێ و لە ڕووانگەی ئاینییەوە خۆی خاوێن دەکردەوە، ئەوجار دەهاتە لای سێ کەس و لەلای ئەوان حەوت جاری بە قورئان سوێند بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەم شەش مەبەستانە دەخوارد[32]. لەگەڵ ئەمانەشدا لە بەرگی دووهەمی هەموو ژمارەکانی "نیشتمان"دا لەسەرەوەی ئارمی گۆڤارەکە بە کەوانە ئایەتێکی قورئانی نووسرابوو[33] بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بەڵگە و نووسراوانە کە لە کۆمەڵەی (ژ- ک) دەست کەوتوون وایکردووە کە نووسەر و لێکۆلەرانی وەك د. سەڵاحەدین خەدیو کۆمەڵەی (ژ- ک) وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامی ناو ببا.

---

28. نیشتمان، گۆوارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە، ژمارەی (1)، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی 1322، جولای 1934.
29. نیشتمان، ژمارە (7)، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی 1324.

30. نیشتمان: ە.س، ژمارە (7)، ساڵی 1322، ساڵی یەکەم، ل 16.
31. بۆ وێنە لە ژمارە (3)ی نیشتماندا وتارێك هەیە بەناوی (بەهەشتی بەختیار) لە نووسینی (م. نادری 760) و لە ژمارە (6)دا وتارێکی تر بەهەمان شێوە چاپ بوو بەناوی (بۆچی گەورەکانی "قریش" موسولمان نەدەبوون؟) لە نووسینی (ع.بێژە- 3) و لە ژمارە (3 و 4)دا کە بەیەك ژمارە دەرچووە لە بەشی (طبی)دا وتارێك بەناوی (ئەلکۆل) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا چەندین ئایەتێك لەسەر حەرامبوونی (ئەلکۆل) هێندراوەتەوە (گۆواری نیشتمان: س.پ، ژمارەکانی 2 و 3 و 6).
32. سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چی بوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێ بەسەرهات؟، س.پ، ل 14 و ئەم شەش مەبەستانە بریتی بوون لە 1- خیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات، 2- کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات، 3- هیچ ڕازێکی کۆمەڵەکە نە بەزمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە، ئاشکرا نەکات، 4- هەتا ئاخیری عومری هەر ئەندام بێت، 5- تەواوی پیاوانی کورد، بە برای خۆی و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ، 6- بەبێ ئیزنی کۆمەڵەی ژێ کاف نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراو و دەستەیەکی تر (سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چی بوو؟.. وتووێژ لەگەڵ مەلا قادری مودەڕیسی، هـ.س، ل 14).
33. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: گۆڤاری نیشتمان، س.پ.

سەید موحەممەد سەمەدی لە کتێبی مێژووی مەهاباد ئەم ڕێکخراوەیە وەك " کۆمەڵەی نەتەوەیی- ئاینیی" پێناسە دەکا[34] هەڵبەت هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە کە بیسەلمێنی کۆمەڵەی ژ- ك مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بێ کە تێیدا یاساکانی شەرع بەڕێوەبچێ. بەڵام لە ڕێکخراوێکدا کە ژمارەیەك نووسەر و لێکۆلەری هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە وەك رێکخراوێکی نەتەوەیی- ئاینیی پێناسە بکرێ، بیر و ئەندێشەی چەپ بە ئاشکرا و بەڕوونی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەمە هەم لە دیسکۆرسی "نیشتمان"دا کە زمانحاڵی بیری (ژ- ك) بوو و هەم لە پەیوەندی گەرموگوری ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت دەبینرێ.

لەم ساڵانەدا سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕژێمی ئابووری- کۆمەڵایەتی لە کورستاندا بوو و دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە زۆرترین و باشترین زەوییەکان لە دەستی زەویدار و گەورەکانی وڵات و فیودالەکاندا بوو[35]. شێوازی خاوەنداریەتیی زەوی تا ڕادەیەکی زۆر وەك خۆی مابۆوە و هەربۆیە خاوەن زەوییە گەورەکان و تەنانەت خاوەن ملکە سەرەکییەکانی نادیار وەك خاوەن زەوییە شارنشینەکان ڕێگەیان پێدرابوو کە مڵکەکانیان وەك خۆی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەو مڵکانەی کە کرابوون بە "وەقف" یا "وەقفە" ئاینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێ هیچ دەستکاریکردنێك مانەوە و ئەمەش مانای وایە کە خاوەن هێز و دەسەڵاتە کۆنەکان لە کورستاندا کە بریتی بوون لە سەرۆك خێڵ و شێخە ئاینییەکان توانیویانە لە سەر بەکارهێنانی میللەتی خۆیان بەردەوام بن[36].

بەم جۆرە سەرۆك عەشیرەت و ئاغاکان بە سام و هەیبەتەوە مەزنایەتی و ئاغایەتییان دەکرد، فەرماندەر و بریاردەر بوون، خەڵکی لادێ لە ژێر دەستی فەرمانبەریدا دەچەوسانەوە[37] و تێگەیشتووی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە چاو ئاغاوەت و دەرەبەگەکان زۆر لە خوارێ بوو. بەدەگمەن لێیان هەڵدەکەوت سنووری چینایەتی ببەزێنن، بەڵام قەت نەدەگەیشتنە ئەو ڕادەیە خۆیان خەباتی سیاسی و چینایەتی وەڕێ بخەن[38]، چون دەسەڵاتی دەرەبەگ بە گشتی لەسەر ڕێگەی پەرەگرتنی کێشەی چینایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری کۆسپێکی گەورە بوو[39].

لە کوردستان لە دۆخێکی لەم چەشنەدا کە پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی عەشیرەیی و کولتوورێکی نەرێنی تێدا بەهێزە، کۆمەڵەی (ژ- ك) بە گژ دۆخی ئاراییدا دەچێتەوە و دەیهەوێ دەسەڵاتی سیاسیی خان و ئاغا بەربەست بکا و پەیوەندییەکانی عەشیرەیی لاواز و هەڵتەکێنێ[40]. کۆمەڵە بەر لە هەرشتێك لە خۆیەوە دەست پێ دەکا و ڕێگە بە کەسانی سەر بەم چین و توێژانە نادا ڕێبەریی (ژ- ک) بەدەستەوە بگرن. مەلا قادر مودەڕیسی لە دامەزرێنەرانی (ژ- ک) لەمبارەیەوە دەڵێ: "چوار دەستە و تاقم دەیان توانی ببنە ئەندامی (ژ- ک)، بەڵام هەرگیز

[34] دکتر صلاح الدین خدیو: در دفاع از تاریخ (نقدی بر مقاله احسان هوشمند در چشم انداز ایران) پیام کردستان، 21 دسامبره 200، محەممەد صمدی، تاریخ مهاباد، هەروەها عەبدوڵای ئەبریشەمی و ناسری باباخانیش بەهەمان شێوە ئەم ڕێکخراوە بە "میللی- مەزهەبی" پێناسەدەکەن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشم انداز، ایران، ویژه نامه کردستان (2)، نشریه سیاسی- راهبردی، پاییز 1384، ص 173 و ناسر ناباخانی، م.ق، ص 9.

[35] مڵکی خاوەن موڵکەکان دەگاتە 78% ی هەموو زەوییە بەراوەکان (د.قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 146).

[36] نادر ئینتسار: ئیتنونەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل 29.

[37] بۆ زانیاریی پتر لەمەر ستەم و چەوسانەوەی دانیشتووانی گوندەکان و بەتایبەت جوتیاران بە هۆی دەرەبەگ و ئاغاوەتی کورد لەو سەردەمە بڕوانە (د. قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 180- 199). قادر دەباغی کە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک) بوو و خۆی لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکان بووە، دەڵێ: عەشایەربازی خان خانانی دامەزراو نە تەنیا دێهات بەڵکوو لە شارەکانیشدا حکومەتی دەرەبەگایەتی بەسەر خەڵکدا حوکمی دەکرد، باجیان دەستاند، عەواریزیان وەردەگرت، مڵك و زەوی و زاری بێ دەسەڵاتیان داگیر دەکرد (عەبدولقادر دەباغی: ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ- ك، بڵاوکراوەی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 1367، ل 43).

[38] حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001، ل 216.

[39] د.قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 149.

[40] بۆ وێنە لە یەکەم بڵاوکراوەی کۆمەڵەی (ژ- ك)دا کە بەناوی "دیاری کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ لاوانی کورد هاتووە: "کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ پێشخستنی کورد لە شەقامی شارستانیەتی (تهران)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ ئەکۆشێ تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەت بازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و و بەسەرهاتی تاڵ و گرنگ (سختە) بێنێتەدەر" (نیشتمان: بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ- ک، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008، ل 193).

نەیاندەتوانی بە پلەی سەرۆکی (ژ- ک) بگەن، ئەو چوار دەستەیەش بریتی بوون لە: ئاغا، شـێخ، مەلا و سەید"[41] کۆمەڵەی (ژ- ک) هەر بەوەندە ڕازی نابێ کە نەهێڵێ جڵەوی دەسەڵات لە (ژ- ک)دا بکەوێتە دەست ئەم چین و توێژانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی گۆڤاری "نیشتمان"، زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئەم چین و توێژانە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی و چەوسانەوەی جوتیاران و بڵاوکردنەوەی وەهم و خورافات و کولتووری دواکەوتووانە لە کۆمەڵگادا مەحکووم دەکا و لە زۆربەی ژمارەکانی "نیشتمان"دا بە نووسینی شیعر و بابەت بە توندی بەگژ شێخ و ئاغا و مەلاکاندا چوونەوە[42].

---

[41] سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چ بوو، چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟ بلاوکراوەی چاپەمنی سەییدیان، مەهاباد، 1361، ل 13.

[42] لە زۆربەی ژمارەکانی "نیشتمان"دا لە بابەتێك کە بەناوی "دەردی دەروون" کە دەمەتەقێیەکی دوو کەسییە لە نێوان بایز و باپیردا چینی ئاغاوەت دەکەوێتە بەر تیر و توانج و هێرش. بڕوانە "نیشتمان" ژمارەکانی (2، 3، 4، 5، 7، 8، 9). هەژاری موکریانی کە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی (ژ- ک) بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: "جارێك ڕووسان زۆر پیاو ماقوڵی وڵاتیان بۆ باکۆ بانگ کرد کە عەلیاغا و قەرەنیاغا و حاجی بابەشێخ و زۆر ئاغای تریش لەو بانگکراوانە بوون، کە هاتنەوە بیستمان باقرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی ڕووسیە گووتبووی چیتان دەوێ بۆتان پێك بێنین، یەك دەڵێ: شەکر، یەك دەڵێ: زینی عروسی، دەمانچە. من دەمەتەقێیەکەم لەسەر نووسین و لە نیشتماندا چاپ کرا، تێرم گاڵتە بە عەقڵیان کردبوو، عەلیاغا هەڕەشەی کردبوو کە ئەو شاعیرە هەر دەکوژم، ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ئەودا بڕۆم و ڕێگەم بۆ شاری سابڵاغ گۆڕیبوو. (عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، پاریس، 1977، ل 70). ئەمەش نموونەیەك لەم دەمەتەقێیە:

باپیر- دەك خوا بتکوژێ، تۆ چت داوە لە شەڕ دەردی خۆمان کەمە

بایز- بۆچی دەردمان کەمە، کێ هەیە دەرد و داخی نەبێ

باپیر- ها ئەو جارە بوویتە پیاوێکی باش وەرە گوێت لێبێ تازە پیاوێك هاتووە بۆ گەنم کڕین، دراوێکی زۆریشی هێناوە

بایز- جاکێ هەیە هێندە نەفام بێت گەنمی پێبفرۆشێ

باپیر- بەخوای تێنەگەیشتووی، دراو بەردی نەرم ئەکا، لە پێش هەموو کەسێکدا ئاغا گەنمەکەی ئەفرۆشێ

بایز- ئەی بۆ خۆی چی ئەکا؟

باپیر- مام بایز وەها دیارە چونکو باسی دراوم کرد عەقڵ و هۆشت لانەماوە کوڕەی هەی نەفامی تێنەگەیشتوو، ئەی گەنمی جوتیارە چارەڕەشانە هی کێیە، ماڵی جوتیار هی ئاغایە. (نیشتمان: ژمارە1، پوشپەڕی 1322، جولای 1943).

لە فۆڕمی شێعریشدا ئەم نموونانە دەبینێرن:

مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لەم خاکمانە چوار گروە

صۆفی یەك، دەروێش دوو، بەگزادە سێ، اغا چوار (نیشتمان: ژمارە 5، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی 1323).

ئەوەی اغا بێ بێکارە جەبوو زقە لسولاسارە
دزیوو ڕێگرتنی کارە ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
گەلێ بێ فیکر و ئیدراکن گەلێ بێ خێر و ناپاکن
ئەوەندە گێژ و بێهۆشن حەیا و نامووس دەفرۆشن
لە بۆ آزادی ناکۆشن ئەمن دەیڵێم و بێ باکم (نیشتمان، ە.س)
هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ
امیدی زندگانیت پێ نەمێنێ
طریقی .. و ...
بەبای دا روونەق و آهنگی کوردی
هەموویان بوونە صۆفی و پیرو دەروێش
بەبەرماڵ و سەبیجە و ڕشتە و ریش
هەموو بێ ایش و بێ کار و تەوەزل
ورگ پان و مل ئەستوور سەلك زل
لە وان و ئەرزرۆم تا حدوودی جافان
تەوەلا بوون لە عەقڵ و علم و عرفان (دیاریی کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ لاوەکانی کورد، س.پ)
شێخ نیم کە بە تەزویر و ریاکارییو ئەفسوون
وەك آش بەدانی ئەم و ئەولابی نشاطم
یا کولکە مەلایی بە عەبا و مێزەری پڕ فێڵ
دەریووزەیی احسان کەمو سەرفطر و زەکاتم
(نیشتمان: ژمارە 2، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری 1322)
سەیاحەت بکەن بچن بۆ سووڤیستیان
بزانن چۆن بە خێرایی هەڵستان
لە قەومی ڕووس چە چوڵمێکی ئەکرد (چار)
هەمووی ژەهری ئەخوارد ملت بە ناچار
لە پر (لەنین) هەلستا وەك دلێران
بناغەی ظڵمی چاری کرد وێران
بنای نا دەوڵەتێکی سوسیالیست
لە ناوی برد بە جارێك ئیمپڕیالیست

ئەم هەڵوێستەی (ژ- ک) کاردانەوەی ئەم چین و توێژانەی بەدواوە بوو و ئاغا، سەرۆك عەشیرەت و زۆربەی شێخ و مەلاکان نووکی هێرشیان ڕووی لە کۆمەڵە بوو و بە کۆمۆنیست و لە دین وەرگەڕاویان دەناسین، پێیان وابوو ئەگەر کۆمەڵەی ژ- ک لە کوردستان دەسەڵاتی وەچنگ کەوێ، ئەوان لە دەسەڵات دەکەون و ئەمە بەڕوونی لە نامەی ئاغایەکی کوردی باشوور کە (ژ- ک) بە ئەبوجەهل و ئەخنەس دەشوبهێنێ و بۆ ئاغایەکی کوردی ڕۆژهەڵاتی نووسیوە دەردەکەوێ: "کە دەستی منوو دامانی تۆ نەکەی بەهیچ بارێك لە پێناوی کوردایەتیدا تێبکۆشێ، چونکە کوردایەتی ملتزمی ئەمەیە هەموو لاوە خوێندەوارە گەنجە تازە پێشگەیشتووەکان بێنە سەرکار و ئێمە لە ژووری دیوەخانا دابنیشین[43] بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی د.ئاسۆ مەحموودزادە کە لەو سەردەمە ژیاوە، نە تەنیا ئەو چین و توێژانە بەڵکو بەشێك لە خەڵکیش لە کۆمەڵەی (ژ- ک) واتێگەیشتن کە بەنیازە سوشیالیزم دابمەزرێنێ[44].

کۆمەڵەی (ژ- ک) بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە پشتیوانی دەرەکی گەڕاوە و لەم پێناوەدا هانای بۆ دوو زلهێزی ئەو سەردەم واتە بەریتانیا و سۆڤییەت بردووە[45]. بەڵام لەم بارەیەوە هەم پەیوەندییەکی لەگەڵ سۆڤییەت گەرم و گوڕتر بووە و هەم لە بابەتەکانی "نیشتمان"دا سۆز و لایەنگیری بۆ سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دەبینرێ. لە ژمارەکانی (2، 3، 4، 5، 6)ی نیشتماندا زنجیرە وتارێك لە ژێر ناوی "انقلابی گەورەی اوکتوبر" چاپ کراوە، کە تێیدا پەسن و تاریفی شۆڕشی ئۆکتۆبری کردووە و هەروەها وێنەیەکی پڕ بە لاپەڕەکەی "لێنین"، ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبری چاپ کردووە و لە ژێر وێنەکە نووسراوە:

باقییە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی

نا لێنین! ماوی هەتا قیامەت هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی[46]

---

لە ناو کۆمەڵ بە زۆری دەرکرا (خان)
بە تیلا (بەگ) خرایە بەند و زیندان
بەمەحضی هەڵکرانی بەیرەقی سوور
لەناو خەڵکا نەما فیتنە و شەڕ و شوور
ئەلەرزێت کاکی (اغا) وەك بنی آو
کە آلای سوور و آلی دێتە بەرچاو
تەمەشاکەن لە مەیدانی هەراوشەڕ
شەو و ڕۆژ بێ ووچان واتێ ئەکۆشن
لە جەبهەی شەڕ ئەلەی شەربەت ئەنۆشن
بە فەرمانی ستالین: پیاوی شەڕکەر
ئەدەن بەربا هەموو نیروی هیتلەر
بەیانی بلبلی سوتاو لە بۆ گوڵ
وەها ئەیخوێند بە دڵسۆزی لە سەر چڵ
(دیاریی کۆمەڵەی ژ- ک بۆ لاوەکانی کورد، دیاری مەلا محەممەدی کۆیی (1322- 1943).

[43] نیشتمان: سکاڵایەك لەگەڵ نیشتمان، ساڵی یەکەم، ژمارە 6، ڕەشەمێی 1322.

[44] مەحموودی قادر زادە (د.ئاسۆ) چالاکی سیاسی ئەو ساڵانە سەبارەت بە (ژ- ك) دەڵێت: ڕۆژێك لەو ساڵە پڕ ئاژاوە و نا ئەمنانە بوو کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەزیزی فەرهادی بەڕێگەدا دەڕۆیشتین و گوتیان عەزیز کرمانج لە بەردەم شارەداری وتار دەدا، بە پێی قسەی خەڵک و ئەو ڕاستیانەی لەبەرچاوبوون، عەزیز کرمانج لەژێر کاریگەریی حوسێنی فروهەر (زیرینگەران) (سەرۆکی کۆمەڵە) دەیەویست شۆڕش بکا و سۆسیالیزم جێگیر بکا. (د.محموود قادرزادە، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو ( چهرە مهاباد)، تهران، 1374، ص 33).

[45] لە "نیشتمان"ی ژمارە 3 و 4دا وتارێک لە ژێر ناوی "جوامێری و مەردم دۆستی بەریتانیای گەورە"دا دەنووسرێ: "کورد ماوەییەکی زۆر لە مێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بەریتانیا کردووە، ئەم حکوومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروێنەرو و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی بووە .."

[46] نیشتمان: ژمارەکانی (2، 3، 4، 5) بڕوانە (بەڵگەنامەی ژمارە 3).

دیاره ناوی "لێنین" ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالیستی (1917) لە ڕووسیا چەند جاری دیکەش لە بڵاوکراوەکانی (ژ- ک)دا وەك ڕزگاریدەری کۆمەڵانی خەڵك لە دەستی زوڵم و زۆری قەیسەر هاتووە[47].

نووسەری وتار وێنایەك لە بارودۆخی پێش شۆڕشی (1917) لە سەردەمی قەیسەردا بەدەستە و دەدا کە چۆن چینی دەسەڵاتدار واتە چینی دەرەبەگ و سەرمایەدار کە کەمینەیەکی بچووکیان پێك دەهێنا خوێنی (200) میلیۆن دانیشتووانی ڕووسیایان دەمژی و دەرەبەگەکان بەدرێژایی ساڵ جوتیارەکانیان دەچەوساندەوە و خاوەن کارگەکان مافی کرێکارەکانیان زەوت دەکرد و بە وتەی نووسەر: " بە کورتی و بە کوردی هەموو نەتەوەی ڕووس نۆکەر و کرێکاری "چار" و "بۆرجوا"کانی ڕووسیا بوون[48] و ئەوە تەنیا بەلشەڤێکان و سەرکردەکانیان بوون کە لە خەمی چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نالەبار و پەرێشانەدا بوون[49].

لە نێوەڕۆکی ئەو وتارەدا دەردەکەوێ کە نووسەر تەنیا ڕەوتی ڕووداوەکان و دەور و نەخشی "لێنین"ی تۆمار نەکردووە، بەڵکوو هێرشی کردۆتە سەر چینی دەسەڵاتداری سەردەمی قەیسەر کە بریتین لە دەرەبەگ و بۆرژواکان هاوسۆزیی خۆی بۆ دوو چینی کرێکار و جوتیار دەردەبڕێ و پڕۆژە و بەرنامەی بەلشەڤییەکانی بە چارەسەری ئەو دۆخە دەزانێ و تەنیا ئەوە ئەوانن کە دەتوانن کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

وادیارە نێوەڕۆکی بابەت گەلی لەم چەشنە لە چاوی "ئان لەمبتون" کارمەندی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران کە سەردانی کوردستانی کردووە شاراوە نەبووە و لە یادداشتی ناوبراودا هاتووە: ڕۆژنامەیەکی کوردی کە دەگوترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە و قازی محەممەد لە چاپی دەدا، بەشداری تێدا هەیە. ڕۆژنامەکە بەگوێرەی قسەی ئەو پشتگیری لەسەربەخۆیی کوردستان دەکا و لەوەدەچێ وتاری لەسەر کۆمۆنزیمشی تێدا بنووسرێ"[50]، دەبێ مەبەستی گۆڤاری "نیشتمان" بێ چونکی ئەو بڵاوکراوەیە بە نهێنی دەردەچوو و "کوردستان"، بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا چاپ و بڵاودەبۆوە.

لەڕووی پەیوەندیشەوە کۆمەڵەی (ژ- ک) تەنیا پەیوەندی گرتووە بە کاربەدەستان و ئەفسەرانی سوپای سۆڤیەت کە لە ئێران و بەتایبەت ئەوانەی لە کوردستان بوون، نە تەنیا هیچ شوێنەوارێك لەبەردەستدا نییە کە ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی بە ئینگلیزییەکانەوە گرتبێ، بەڵکو هەڵوێستی نەیارانەشی بەرامبەر بە وڵاتە هەبووە[51] و بە پێچەوانە لەلایەن کۆمەڵەی (ژ- ک)

---

[47] لە شێعری "ئاخافتنی خوشك و برایان" هێمن موکریانی کە هانی کچی کورد دەدا کە خۆی لە ژێر دەستەیی و دیلی ڕزگاربکا، دەڵێ:

دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە     داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە

"لەنین" هەڵستا ظڵمی "چار" شێوا     تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چار شێوا (نیشتمان: ژمارە 3 و 4)

لە دیاری کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ لاوەکانی کورددا، زەبیحی شیعرەکانی خۆی تێکهەڵکێشی شیعرەکانی مەلا محەممەدی کۆیی کردووە و بە شۆڕشەکەی گەلانی سۆڤیەت و لێنین و سیستەمی سۆسیالیستی و ئاڵای سۆر هەڵدەڵێ و ڕقی خۆی بەرامبەر بە نیزامی ئیمپریالیستی و نازیسم دەردەبڕێ:

سەیاحەت بکەن بچن بۆ سووڤیستان     بزانن چۆن بە خێرایی هەڵستان

لە قەومی ڕووس چە ظڵمێکی ئەکرد (چار)     هەمووی ژەهری ئەخوارد ملت بە ناچار

[48] نیشتمان: ژمارە 3 و 4.

[49] هـ.س.

[50] ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا (وەرگێراوی کوردی 130 بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2005، ل 68. (سوڵتانی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ: دەبێ مەبەست لە ڕۆژنامەکە گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بێ کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی پوشپەڕی (جوڵای) (1943ز- 1322ه) دەرچووە و دوا ژمارەی (ژمارە 9) بە سێ مانگ پێش سەفەری لەمبتون بڵاوببۆووە. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵێك و سێ مانگ دوای سەفەری لەمبتون لە 15ی دیسەمبەری (1945) دا ژمارەی یەکەمی دەرچووە.

[51] بۆ وێنە: لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی (ژ- ک) کە بۆ کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤیەت نێردراوە، تێیدا هاتووە: لەلایەن سەفارەتی ئینگلیزەوە لە بەغداد گۆڤارێك بە ناوی "دەنگی گێتی تازە" لە 48 پەڕ و 96 لاپەڕاندا بڵاودەبێتەوە. سەفارەتی ئینگلیز ئەو گۆڤارە بە پۆست بۆ سەرۆك عەشیرەتە کوردە

خۆپێشاندان ڕێك دەخرێ بۆ پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە بەرژەوەندی سۆڤییەت، هەڵکردنی ئاڵای سوور لە ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا و بەرزکردنەوەی وێنەی لینین و ستالین لەلایەن کوردانەوە و بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" لە چەندین شوێنی کوردستان کە تێیدا بە ئاشکرا کەسایەتی بە گریمانی سۆڤییەت دەوری ڕزگارکردنی کوردستان لە دیلی دەگێڕێ و پرسکردن بە نوێنەرانی سۆڤیەت کەچی بکەن و چی نەکەن و داواکردن لێیان کە نوێنەرێکی خۆیان بۆ ڕێنوێنکردن و یارمەتیدانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بنێرن و چەندەها چاوپێکەوتنی نوێنەرانی (ژ- ک) لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی[52] و تەنانەت داواکردنی هەیئەتی ناوەندی (ژ- ک) کە دەوڵەتی کوردستان وەك برای کۆمارەکانی سۆڤیەت پەسەند بکرێ و بە ئەندامیەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی مەزن وەربگیرێ[53].

ئەم فاکتانە پتر جێگای شك و گومان ناهێڵنەوە کە (ژ- ک) لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم دوو دەوڵەتە بە تەواوی بەلای سۆڤیەتیدا داشکاندووە و ئەوە چ لە ڕووی پراگماتیست بوونی ڕێبەرانی (ژ- ک) بێ کە بوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ناوچەکەدا وەك ئەمری واقع لێك دابێتەوە و چ لە ڕووی ڕوانینی کەسانێکی نێو ڕێبەری (ژ- ک) بێ بۆ سۆڤییەت وەك هێزێکی پشتیوان و ڕزگاریدەری گەلان و دۆستی نەتەوە بن دەستەکان، لە واقیعی بایەخپێدانی و مەیلی (ژ- ک) بۆ سۆڤیەت کەم ناکاتەوە.

ئەم فاکت و بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنێ ئەگەر نە هەموو ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) لانیکەم ژمارەیەك و بە واتایەکی تر باڵێکی نێو (ژ- ک) لە ڕوانینی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە خانەی چەپدا شوێن دەگرێ و بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هیوا و ئومێدی لەسەر پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤیەتی هەڵچنیبوو و هەر بۆیەش مەیل و سۆزی بۆ ئەم وڵاتە بە شێوازی جۆراوجۆر دەردەبڕی.

ئەگەر ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە لە دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ- ک)دا حیزبی هیوا دەور و نەخشی هەبوو و باڵی چەپی هیواش کریس کۆچێرا گوتەنی: "بە ئاشکرا کۆمۆنیستە"[54] ناتوانێ شوێنەواری لەسەر (ژ- ک) دانەنابێ. هێمن موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی (ژ- ک)

---

ئێرانییەکان دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە، ئینگلیسەکان لەم ڕوانگەوە کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە "نیشتمان" دەخوێننەوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی "دەنگی گێتی تازە" (بەشێك لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ "گ.م دیمیتروف" سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە 17ی ئۆکتۆبەری 1945، ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم (ف 17/ ئو 128/ د 44/ ل 73- 79) وەرگیراو لە: حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، س.پ، ل 77. هەروەها کۆمەڵە لە بەندی 8ی نامەکەیدا کە بەهۆی ئیدارەی مەحەلیی شاری مەهاباد لە مانگی خەزەلوەری ساڵی 1322- 1943دا ئاراستەی مستەفا بارزانی کردووە، دەڵێ: "لەهەمووی موهیمتر پێویستە بە سورەتێکی مستعجل استشهادی خۆتان بەیان بکەن بە خەصوصی ڕای ئینگلیس بەرامبەر ثەورەی ئێوە، گفتگۆیان لەگەڵ ئێوە چییە چونکە ئێمە ئەزانین بە تصادف نابێ ئینگلیس لەم ثەورەیەدا بێ دەخل بێ". (مسعود بارزانی، ، ڕاپۆرتی ژمارە 10، 9تا 19ی F0371 -45478بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵگەنامەی ژمارە 1، ل 448- 449). ( جوونی 1945، جی، و، دال، ل 138). لە ڕاپۆرتی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە تەورێز سەبارەت بە هەوڵی تێکدان و بەردەباران کردنی ئەکیپی "پێوەندییە گشتییەکانی بەریتانیا" کە بە نیشاندانی فلیمێك لە گۆڕەپانی شاری مەهاباددا مەشغووڵ بوون هاتووە: پێشتر هیچ هەستێکی تایبەتی دژ بە بەریتانیا لە مەهاباد نەبینراوە، بەڵام ئەنجوومەنی سەربەخۆیی کورد- کۆمەڵە- بە گەرموگوڕی لایەنی سۆڤیەت دەگرێ و ئەم ڕووداوە وا هەیە لە زەینی چوارچێوەداری کەسانی توندڕەو لە مەهاباد دا بە دژایەتیکردنی بەریتانیا واتا بکرێتەوە. (ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، سلێمانی، 2005، ل 138.

(1) بۆ زانیاری لەسەر ئەم فاکتانە بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکیەتی سۆڤیەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، 2006، ل 103- 197. محەممەد شاپەسندی کە خۆی ئەندامی (ژ- ک) و لە کاری چاپی نیشتماندا لە تەورێز هاوکاری زەبیحی بووە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: زەبیحی بەهۆی کونسوڵگەری سۆڤیەتەوە لە تەورێز دوو نامەی بە زمانی کوردی و ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کرد. (سدیق ساڵح، س.پ، ل 35.

[52] بۆ زانیاری لەسەر ئەم فاکتانە بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکیەتی سۆڤیەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، 2006، ل 103- 197. محەممەد شاپەسندی کە خۆی ئەندامی (ژ- ک) و لە کاری چاپی نیشتماندا لە تەورێز هاوکاری زەبیحی بووە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: زەبیحی بەهۆی کونسوڵگەری سۆڤیەتەوە لە تەورێز دوو نامەی بە زمانی کوردی و ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کرد. (سدیق ساڵ، س.پ، ل 35.

[53] حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، س.پ، ل 93.

[54] کریس کوچرا: جنبش ملی کرد، ت: ابراهیم یونسی، تهران، 1373، ص 170.

و لە نووسەرانی "نیشتمان" بوو دەڵێ: "ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفیان هەبوو، ئەگەر چاوێك بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ[55].

نادری ئینتیسار[56] لەسەر ئەو باوەڕەیە گوتاری ماڕکسی و چەپ کە دەستی کرد بە چوونە نێو بڕیارەکانی کۆمەڵەوە زیاتر لە ڕێگەی چڕبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەوە لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی عێراقدا ئەو گوتارە هاتە نێوەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵە هاریکاریی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی (رزگاری کورد)دا پەرە پێدا کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی بوو لە کوردستانی عێراقدا و ماڕکسی و چەپەکان دەسەڵاتیان بەسەردا کردبووو، بڕیارەکانی رزگاری لەوەدا کۆدەبووەوە کە سنوورێك بۆ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و پاشکۆکانیان دابنرێ[57]. سەید عەزیزی شەمزینی جەخت لەسەر هاوکاری و هاوپەیوەندیی ئەم دوو ڕێکخراوە دەکاتەوە و دەڵێ: "کۆمەڵە و حیزبی ڕزگاری کورد کە پاشان جێگای حیزبی هیوای گرتەوە[58] هاوخەبات و هاوکار بوون، نفووز و ناوبانگی کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی ڕزگاری کورد سەرانسەری کوردستانی گرتەوە و لە ژێر ئاڵاکەیاندا زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، لاوان و ڕووناکبیران و چەپەکان کۆبوونەوە[59].

بە پێچەوانە ڕوانگەی وا هەیە کە کۆمەڵەی (ژ- ک) بە ڕێکخراوێکی ڕاست و پارێزگار پێناسە دەکا: " بیروباوەڕی کۆمەڵە لە سەرەتا لای دامەزراندنییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازیی ڕاسترەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسووڕانی وەك ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندووە[60]. ئەگەر مەرامنامەی ئیسلامیی کۆمەڵەی (ژ- ک) بەهۆکاری ڕاست بوونی ئەم ڕێکخراوە دابنرێ ئەوە دەبێ بگوترێ کە زۆر ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسی هەبوون، کە جەختیان لەسەر پابەندبوونیان بە ئایینی ئیسلام لە بەرنامەکەیاندا کردووە و تەنانەت ناوی ڕێکخراو و حیزبەکەیان پاشگری ئیسلامی هەبووە، بەڵام پلان و تێڕوانینی چەپیان بۆ ئابووری هەبووە و سۆسیالیزمیان وەك ڕێگە چارەی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە[61] عەبباسی وەلی[62] پێی وایە: "نێوەڕۆکی ئایدۆلۆژیی

---

[55] هێمن موکریانی: س.پ، ل 47.

[56] نادری ئینتسار: پڕۆفیسۆری بە ئێرانی ڕەگەز لەبواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی ئالاباما لە ئەمریکا. (نادر ئینتیسار: ئیتنونەتەوایی کورد، و: عەتا قەرەداخی، سلێمانی، 2004، ل 8.

[57] نادر ئینتسار: س.پ، ل 46.

[58] حیزبی رزگاری لە شوباتی (فێبریواری) 1945 دامەزرا. (مەهدی محەممەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 194501958، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005، ل 104.

[59] د.عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ4، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006، ل 318.

[60] فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، 2012، ل 42.

[61] بۆ وێنە هەر لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ- ک) لە ئێراندا ڕێکخراوێك لە ساڵی (1943) بەناوی "بزاڤی خواپەرستانی سۆسیالیست" دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام هەبوو و پێیان وابوو لەوێڕا کە ئیسلام لە نێوەڕۆك و دەروونی خۆیدا دینێکی دادپەروەر و لە ئەساسدا ئامانجی دابینکردنی دادپەروەری و کەرامەت و ئازادی و پێگەیشتوویی مرۆڤە، کەوابوو دەبێ لە هەر زەمەنێکدا گونجاوترین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی پێکگەشتنیان بگرینە بەر و لە سەردەمی ئێمەدا سۆسیالیزم باشترین فۆرمە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی هەر بۆیە نابێ موسوڵمانەکان لە گرتنە بەری ئەم چارەسەرییە گومانیان هەبێ (بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە: (محمـوود نکوروح: نهضت خداپرستان سوسیالیست، تهران، 1377). بە دروستبوونی حوسینیەی ئیرشاد لە ئێران لە دەیەی (60) دیاردەیەك بە ناوی عەلی شەریعەتی دەرکەوت کە بە ئیدئۆلوگی شۆڕشی ئیسلامی ناو دەبرێ، بیر و ئەندێشەی شەریعەتی پێکهاتەیەك بوو لە ئیسلام، مارکسیزم و ئیگزسیتیانیسالیزم کە بواری ڕەخساند بۆ پەرەسەندن و بەهێزکردنی بنەماکانی فکری- کولتووری خوێندنەوەی چەپ و ئیسلام کە لە ئەنجامدا بەناوبانگترین ڕێکخراوی چەپی ئیسلامی بەناوی موجاهیدینی گەلی ئێران پێك هات، کە تێکەڵاوێك بوو لە ئەندێشەکانی ئیسلامی لەگەڵ مارکسیزم بەخوێندنەوەی حیزبی توده (سامان رجائی: نگاهی به ریشه‌های چپ مذهبی، نشریه راه آزادی، ژماره 59، ل 21). ڕێکخراوی موجاهیدینی گەل کە لە ساڵی (1945) لە ئێران دامەزرا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پاش ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، شۆڕشگێران کۆتایی بە بەستراوەیی ئێران بە ڕۆژئاوا دێنن و هەوڵ دەدەن بۆ ئابوورێکی سەربەخۆ، ئازادیی بەیان، سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان و بە کورتی و بە پوختی دامەزراندنی سیستەمێکی بێ چینی تەوحیدی. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگە و هەڵوێستانە ئەوەندە لە بیروبۆچوونی ڕێکخراوی چریکە

کۆمەڵەی (ژ- ک) زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی- ئابووریی پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو و نیشتمان زۆرتر دەپڕژایە سەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی نێوان هەژار و ساماندار لە کۆمەڵگەی کوردی و ململانێیی هەژاری و لەبیرکرانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەتایبەتی جوتیاران لەگەڵ کۆکردنەوەی سامان و داهات لە دەستی خاوەن موڵکەکان و بازرگانان[63]. ئەم هەڵوێستانەی کۆمەڵەی (ژ- ک) دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم چین و توێژانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان وەخۆبکەون و هەوڵ بدەن حیزبی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێن کە لەگەڵ دژکردەوەی (ژ- ک) بەرەوڕوو دەبن[64].

لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان کە تێیدا سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی و پەیوەندییەکانی عەشیرەیی لە ناوچە گوندییەکاندا زاڵ بوو، کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ یەکەم جار ڕچەشکێنی دەکا و لە بەرنامەکەی خۆیدا ڕایدەگەیەنێ: کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ پێشخستن و سەرخستنی کورد لە شەقامی شارستانیەتی (تمدن)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ دەکۆشێ تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەتبازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و بەسەرهاتێکی تاڵ و گرینگ (سختە) بێنێتە دەر[65]. هەروەها ئەو چین و توێژانەی وەك ئاغا، شێخ، سەرۆك عەشیرەت و مەلا نەیاندەتوانی بێنە ڕیزی ڕێبەری (ژ- ک). بێجگە لەمانە کۆمەڵەی (ژ- ک) یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پڕوپاگەندەی بۆ چاکسازی لە بارودۆخی ژیانی جوتیاران کرد و هانی ژنانی داوە بۆ هاتنە ڕیزی خەبات و نەهێشتنی نایەکسانی ڕەگەزی[66].

بەڕای ئێمە ڕێکخراوێك بە گرتنە پێشی شێوازێکی نوێی خەبات[67] و بەگژداچوو بە سیستەمی کلاسیکی و نۆرم و بایەخەکانی نەریتی کۆمەڵگە لەلایەك و لەلایەکی دی بە هێنانی

---

فداییەکان کە ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی بوو نزیك بوو کە ڕژێمی پەهلەوی ڕێکخراوی موجاهیدینی بە مارکسیستە ئیسلامییەکان ناو دەبرد. (یرواند آبراهامیان: ایران بین دو انقلاب: م.ص، ص 607).

[62] عەبباسی وەلی: لەدایکبووی (1949) شاری مەهاباد، بڕوانامەی ماجستێر لە زانکۆی (کیل)ی بەریتانی و تێزی دکتۆراکەشی لە زانکۆی لەندەن وەرگرتوە. بڕوانامەکانی لە بواری زانستی سیاسی دایە و ساڵەکانی (1983- 1986) لە زانکۆی لەندەن مامۆستا بووە و لە ساڵی (1986 تا 2004) مامۆستای زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی وێلز و پڕۆفسۆری میوانیشە لە بەشی کۆمەڵناسی و زانستی زانکۆی (بوغازیچی) ئەستەمبۆڵ (گۆڤاری گزینگ: ژمارە 12، ستۆکهۆڵم،1992، ل 8).

[63] عباسی وەلی: ناسیونالیزم کرد در ایران دەورە تکوینی 1942- 1947)، ت: رشید احمد رش، نویسیا، گاهنامە سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شمارە 2، ص 172.

[64] هەژاری موکریانی لەم بارەیەوە دەنووسێ: "جارێك خەبەریان هێنا، کە دەوڵەمەندی شاری حیزبی خۆیان لە دژی ئێمە دروست دەکەن و شەو لە مزگەوتی سەید نیزام کۆدەبنەوە. قەرار درا لێیان تێکدەین، بەڵام نەش دەبوو بناسرێین. حوسێنی سەرۆکمان (فروهەر) پاش کێشە و هەرای زۆر ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی. ئەو بەجلێکی گۆڕاو و دەم هەڵپێچراو لە مزگەوت چووبووە ژوور و دەمانچەی دەرهێنابوو کە واو واو... لێکراوینە ڕۆح بۆ کوێ دەبەن؟ ئەو هەموو دەوڵەمەندە قەڵەوانە وەك جندۆکەی بسمیلا لێکرا و هە ئەوەندەیان بۆ کرا لە پەنجەرەوە بازبدەن و خۆ دەربازبکەن (هەژار: چێشتی مجێور، س.پ، ل 68).

[65] دیاریی کۆمەڵەی (ژ- ک)، بۆ لاوانی کورد (1323- 1943).

[66] بۆ وێنە لە شێعری ئاخافتنی خوشك و برایان، برایەك هانی خوشکی دەدا کە نابێ دیلی و ژێر دەستی تەحەممول بکا چون ئەوانی تر کە مەبەستی کچانی یەکیەتی سۆڤیەتییە ڕزگاربوون و ئەو هێشتا لە ژێر چارشێو دایە.
براکان:
دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە
"لەنین" هەڵسا ظلمی "چار"شێوا تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چارشێوا (نیشتمان: ژمارە، 3 و 4) شیعری م.ش. هێمن
لە هەمان ژمارەی نیشتماندا (3 و 4) بە ناساندنی حەیران خانمی دونبلی لە ژێر ناوی "ژنێکی بوێری کورد و چاپی شیعرێکی ناوبراو، لە مایەی دڵداریدا، سەرکەوتنی ژنی کورد لە بواری شێعردا دەسەلمێنێ. ئەوەی جێگای سەرنجە ئافرەتانی کورد ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە چالاکییەکانی کۆمەڵەدا بینیوە، ڕابەرانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراقدا هەوڵی پێکهێنانی لقێکی ئافرەتانیان داوە، لەم بوارەشدا ناهیدە شێخ سەلام و نەعیمە ئەحمەد (خوشکی برایم ئەحمەد) دەورێکی باڵایان بینیوە و توانیویانە کاروباری لقەکە بەڕێوەببەن و ژمارەیەك لە ئافرەتان لە دەوری کۆمەڵەدا کۆبکەنەوە، لەو ئافرەتانەی کە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کاریان کردووە (زەکیە بابان، لوتفیە مەلا سدیق، فەخریە خان، حەلاوە خانی کچی شێخ مەحموود، شەفیقەی خێزانی جەمال خەفاف و شەفیقە سەعید و فاتمەی حەمەی ساڵە سوور و کەتان خان بوون. (مەهدی محەممەد قادر، س.پ، ل 69 و ناهیدە شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەکردنی چیمەن ساڵح، هەولێر، 1999، ل 31- 33).

[67] کۆمەڵەی (ژ- ک) شێوازی خەباتی چەکدارانە کە میتۆدێکی نەریتی کوردان لە ڕابردوو و لەهەموو بەشەکانی کوردستان بوو وەلا دەنێ و گرینگی بە خەباتی فەرهەنگی و بردنە سەرێی پلەی وشیاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵ دەدا. مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی

ژنان بۆ نێو ڕیزی خۆی و بە دوور خستنەوەی ڕێبەرانی نەریتی کە هەنگاوێکی گرینگن بۆ بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگە، ناتوانرێ بە نەریتپارێز پێناسەبکرێ. گرنگی ئەو هەنگاوانەی کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ هەڵتەکاندنی سیستەمی کلاسیکی و نەریتی کاتێك زەقتر دەردەکەوێ کە بە قوڵایی کۆنەپارێز بوونی کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان ئاشنابین[68].

بەهۆی ئەم هەڵوێستانەی بوو کە کۆمەڵەی (ژ- ک) لەلایەن چین و توێژە نەریتپارێز و باڵادەستەکانی کۆمەڵگە بە توندی هێرشیان دەکرا سەر و بە کۆمۆنیست و لەدین وەرگەراوە دەناسران و (ژ- ک) لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا ناچاربوو کە ڕوونکردنەوە بدا و بڵێ: "چەند کەسێك لەم بێ مێشکانە کە کتێبی دیاری و ژمارەی یەکەمی "نیشتمان"یان خوێندبۆوە و لایەنگیری و تمایلی ایمەیان بەلای حکومەتی سووەتدا دیبوو، گوتبوویان آرمانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بڵاوکردنەوەی مەسلەك و باوەری کۆمونیزمە، ئەم قسەیە بێشك لە سەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان آو ئەخواتەوە، دەنا ایمە کۆمونیست نین و ئەگەر کومونیستیش بین جێگای هیچ اعتراضێك بۆ خەڵك نییە[69].

بێ گومان کەسانێك لەنێو ڕێبەریی (ژ- ک)دا هەبوون کە ئایدۆلۆژی مارکسی- لینینییان هەبووبێ، بەڵام ڕێباز و سیاسەتی گشتیی کۆمەڵەی (ژ- ک) کۆمۆنیستی نەبووە و ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەم ڕێکخراوە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و تێڕوانینی بۆ کێشە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕەوتێکی ڕاست و نەریتپارێز دابنرێ و ئەگەر بوونی دوو باڵ و دوو تێروانینی (چەپ و ڕاست) لە نێو (ژ- ک)دا بووبێ، وادەردەکەوێ کە باڵی چەپ دەستڕۆیشتووتر بووە[70] و ئەوە لە گوتار، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ژ- ک)دا بە زەقی دەردەکەوێ. هەڵبەت ئەو ناکۆکی و جیاوازییە لەسەر لایەنگری لە ڕادیکالیزمی ئابووری- کۆمەڵایەتی بووە و بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە ڕێباز و ستراتیژیی کۆمەڵە لە هەمبەر کێشەی نەتەوەیی گرتبێتەوە.

## تەوەری دووهەم: حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەزموونی پراکتیزە کردنی بەرنامەکەی

### باسی یەکەم: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (1945):

(ژ- ک) لەم بارەیەوە دەڵێ: بزاڤی چەکداری تەنیا زەمانێك تەئیید دەکرا کە هەم پلەی فەرهەنگی گشتی تا ڕادەی پێویست چووبایە سەرێ و ڕێکخراویش ئەوەندە بەهێز بایە و پەیوەندی لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گەورە ئەوەندە بایە کە لەیەك کاتدا و هاوئاهەنگ لە کوردستانی ئێران- عێراق- تورکیە- سووریە، ڕاپەڕین دەستی پێکردبا، چونکە ئەوەش ئامانجێکی زۆر نزیك نەبوو، زۆری خۆ پێوە ماندوو نەدەکرا (سەید محەممەد سەمەدی: س.پ، ل 14). لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان"دا کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانە هەڵوێستی خۆی ئاوا بەیان دەکا: زۆر کەس وا لێك ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و بە نیروی چەك لە دیلی رزگار بکرێ، بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵەچوون و ڕێگای ڕاستییان لێ ون بووە و ئەبێ کورد بزانێ ایمرو تفەنگ لە چاو گوللەپژین و تۆپ و فرۆکە و تانك و ... تۆقتۆقەیەك زیاتر نیە. تەنیا ڕێگەیەك ئەبێ بەرەو سەربەستی بێ یا بڕوا، شەقامی شارستانیەتیە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە نێو مێرگی ئازادی و سەربەستی (نیشتمان: آمانجی ئێمە، ژمارە 1، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی 1322، جوڵای 1943).

[68] مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ك) بەم چەشنە باس لە کەش و هەوای زاڵی کۆنەپارێزی ئەو ساڵانە لە کوردستاندا دەکا: "بەو مەرجەی دەنگیان بە نوێنەری پەرلەمان دەدا کە هەوڵ بدا تەنیا مەکتەبی ناوەندی لە شاری مەهاباد دابخرێ" (سەید محەممەدی سەمەدی، س.پ، ل 10). شانۆی "دایکی نیشتمان" کە وەك خاڵی وەرچەرخان لە یادەوەریی خەڵکی کوردستان مایەوە، نەیتوانی ئەکتەرێکی ژن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕۆڵە پەیدا بکا و هەموو ئەکتەرەکان پیاو بوون و تەنانەت هەندێك لە ئەکتەرە گەنجە پیاوەکان لەلایەن باوکە ساماندارەکانیان بەرگیرییان لێ دەکرا چون بەچاوی سووك سەیری ئەو چالاکیانەیان دەکرد و پێیان وابوو لەگەڵ پێگەی بەرزی چینایەتیی ئەوان ناگونجێ و ئەوە دەبوو منداڵانی سەر بە چینەکانی خوارەوە پێی هەڵستن (شهرزاد مجاب: زن و ناسیونایسم در جمهوری 1946، نویسیا، م.ق، ص 89.

[69] نیشتمان: ایمە و مردم، ژمارە 2، خەزەڵوەری 1323.

[70] د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی کە زاوای قازی محەممەدە و کەم و زۆر شاهیدی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە دەڵێ: "زۆربەی ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) (کە قازی موحەممەد لەگەڵیان نەبوو) هەر لە سەرەتاوە مەیلیان بەرە چەپ بوو، لەوانەشە لایەنگری حیزبی تودە بووبن. ئەبریشەمی ناوی پێنج کەس لەمانە دەبا کە بریتی بوون لە (عەزیز زەندی، حوسێن فروهەر، محەممەد نانەوازادە، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، غەفوور مەحموودی. لەم پێنج کەسە عەزیز زەندی سەرۆکی حیزبی ئازادی و فروهەر و زەبیحی سەرۆك و سکرتێری کۆمەڵەی (ژ- ک) بوون. (د.عبداللە ابریشمی: کردستان همیشە قابل کشف، چشم‌انداز، ویژەنامە، نشریە سیاسی- راهبردی شمارە 3، 1383، ص 172).

لە ڕێكەوتی 1ی خەزەڵوەری ساڵی 1324ی هەتاوی بەرامبەر بە 24ی ئۆكتۆبەری (1945 ی ز)دا حیزبی دیموكراتی كوردستان لە مەهاباد دامەزرا[71]. ئەگەرچی یەكەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵك و دانانی یەكەمین مەرامنامەی و هەوەل كۆنگرەی لە سەرەتای مانگی ئۆكتۆبەردا بوو، كەچی حیزبی دیموكرات هەموو ساڵێ بۆ یادی دامەزراندنی خۆی لە ڕۆژی 25ی گەلاوێژ (16 ئووت)ی 1945 ئاهەنگ دەگێڕێ. هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە حیزبی دیموكراتی كوردستان خۆی بە درێژەی كۆمەڵەی (ژ- ك) دادەنێ و (ژ- ك)یش وەكوو خۆی لە ڕۆژمێرەكانیدا نووسیویەتی لە 25ی گەلاوێژ (ئووت)دا دامەزراوە[72]. لە ڕاستیدا هەروابوو، چون (ژ- ك) هەرەسی نەهێنا و لەبەریەك هەڵنەوەشا، بەڵكوو هەژاری موكریانی گوتەنی: "حیزبی دیموكرات لەسەر داروپەردووی (ژ- ك) دامەزرا[73] و تەنیا لە كادری ڕێبەریدا ئاڵوگۆڕ پێكهات[74]. ڕۆژنامەی كوردستانیش ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان ڕاپۆرتێكی لەسەر بەڕێوەچوونی جەژنی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموكرات لەژێر ناوی "جێژن و چراخانی" لە ماڵی قازی موحەممەد لە ڕۆژی 25ی گەلاوێژ 1325 (16ی ئووت 1946) بڵاوكردۆتەوە[75].

حیزبی دیموكراتی كوردستان دامەزرانی خۆی بە بەیاننامەیەكی كوردی- فارسی ڕاگەیاند، بەیاننامەكە زیاتر لە حەفتا كوردی[76] ناسراو ئیمزایان كردبوو و لە هەشت بەندا گەڵاڵەكرابوو.

---

[71] گۆڤاری كوردستان: بڵاوكراوەی بیری حیزبی دیموكراتی كوردستان، ژمارە 1، 15 سەرماوەزی 1324، 6 دیسەمبەری 1945، ل 11.

[72] نەوشیروان مستەفا ئەمین: حكومەتی كوردستان (كورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا)، چاپی دووەم، هەولێر، 1993، ل 86. لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشانەوەی كومەڵەی (ژ- ك) و دامەزراندنی حیزبی دیموكراتی كوردستان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەشێك لەو بۆچوونانە وەك د.قاسملوو هۆكاری ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە كە كۆمەڵەی (ژ- ك) ڕێكخراوێكی ناسیۆنالیستی و داخراو و نەهێنی بوو و ڕووی لە كۆمەڵانی بەرینی خەڵكی كوردستان نەدەكرد و وەڵامدەری و وەزعی تازەی كوردستانی ئێران نەبوو. هەر بۆیە دەبوو بەهۆی ئەو هەلومەرجە نوێیە كە لە پاش سەركەوتن بەسەر فاشیزمدا و جێگربوونی ئازادییە دیموكراتییەكان لە ئێران پێك هاتبوو، زەمینەی بۆ ئەوە ئامادە دەكرد كە حیزبێكی پێشەنگ كە پێویستی مێژوویی و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێیی بێ بێتە ئاراوە (د.قاسملۆ: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 32). بەپێچەوانەی ئەوە بۆچوونی دیكە هەیە كە ئەم ئاڵوگۆڕەی بەهۆی فشاری سۆڤیەتییەكان دادەنێ و بەتایبەت لە گەشتی دووهەمی ڕێبەرانی (ژ- ك) بۆ باكۆی دەگەڕێنێتەوە. هەژاری موكریانی لەم بارەیەوە دەڵێ: "ڕوس لە ناوی (ژ- ك) ڕازی نەبوو چونكە حیزبەكە بۆ ئازادی هەموو كوردستان تێدەكۆشێ و ئینگلیز و تورك تووڕە دەكا و دەبێ داوای خودموختاری لە ئێران بكرێ (هەژاری موكریانی: س.پ، ل 72) حامید گەوهەری دەڵێ: " باقرۆڤ لە دیدارەكانیدا دان كە چیتر هیوایان بە سەركەوتنی (ژ- ك) نەبێ و باشترە حیزبی دیموكرات دابمەزرێنن كە لە لەگەڵ ڕێبەرانی كۆمەڵەی (ژ- ك) هانی چوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی دیكەی دانیشتووی ئێراندا بۆ دیموكراتیككردنی ئێران هەوڵ بدەن (حامید گەوهەری: كۆماری كوردستان، س.پ، ل 116). هەندێك مێژوونووسی سۆڤیەتی وەك "م. ا. حەسرەتیان" و "ژیگالینا" هۆكاری هەڵوەشاندنەوەی (ژ- ك) بۆ ناكۆكی لەنێوان ڕێبەرانی (ژ- ك) و بە واتایەكی دی باڵی چەپ و ڕاست دەگەڕێننەوە (م. س. لازاریف و دیگران: تاریخ كردستان، ت: منصور صدقی و كامران امین اوە، كلن، 2007، ص 222) بە وتەی دیڤید مەك داوڵ: كوردەكان بە ناچاری قبوڵیان كرد كە حیزبی دیموكراتی خۆیان دابمەزرێنن (دیڤید مەك داوڵ: مێژووی هاوچەرخی كورد، و: ئەبوبەكر خۆشناو، سلێمانی، 2002، ل 499)، هەردوو زلهێزی ئەو كاتی جیهان واتە سۆڤیەت و بەریتانیا لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی كوردی پێكهاتوو و لە هەموو بەشەكانی كوردستان نەبوون و ئەمەش لەگەڵ ستراتیژی (ژ- ك) كە بەرنامەیەكی ڕوونی ناسیۆنالیستی بوو نەدەگونجا و سروشتی بوو كە هەوڵ بدرێ بۆ گۆڕینی ڕێبازی (ژ- ك) واتە چارەسەری كێشەی كورد لە چوارچێوەی ئێراندا.

[73] هەژاری موكریانی: س.پ، ل 72.

[74] هێمن موكریانی: س.پ، ل 50.

[75] لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە: " ڕۆژی 25ی گەلاوێژ بەبۆنەی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموكراتی كوردستان لەبەر هەیوان و حصاری عمارتی پێشوا جێژنێك گیرابوو، لەم جێژنەدا تەواوی اهالی شیركەتیان كرد و شیرینات و چا و و میوەجاتیان مصرف كرد، جێژن لە ساعەتی 1ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێكرد و دەوروبەری عمارەتی پێشوایی بە الای سێ ڕەنگی كوردستان و وێنەی پێشەوای معظم ڕازابووە و شەوێ سەعات حەوت بەرنامەی جێژن دەستپێكرا و بە بۆنەی ئەم جێژنە لەلایەن ئاغایان: عەلی خوسرەوی، سەید محەممەد طەزادە، دڵشاد ڕەسووڵی، سید محمد حمیدی، جعفر كریمی، ووردی، صدیقی، سید عبدالله طە زادە، عثمان دانش، محمدامین قادری، كاك محمدامین شرفی و .. نوطق و مقالات و ئەشعار خوێندرایەوە و دەنێوان نوطقەكانی دا بێوچان موزیكی میللی و سروودی میللی كوردستان دلی حاضرانی فینێك دەكرد و جێژن لە ساعەت 12 زۆر بەخۆشی كۆتایی هات (كوردستان: ارگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان: ژمارە 79، ساڵی یەكەم، 29ی گوڵانی 1325، ل 1) بەڕێككەوت نیە كە زەبیحی لەسەر كاریگەریی ئەم سێ حیزبە لەسەر یەكتری دەڵێ: "هەر سێ (حیزبی ئازادیخوازی كوردستان، كۆمەڵەی (ژ- ك) و حیزبی دیموكراتی كوردستان) لە ڕاستیدا یەك حیزبن، بەڵام لە سێ هەلومەرجی جیاوازدا دامەزرێندراون (عەبدولڕەحمانی زەبیحی: وەڵامێكی بەڕێز ئارچی ڕۆزڤێلت، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 41، ل 48).

[76] ئەم حەفتا كەسە بریتی بوو لە: مەلا سەید عەبدوڵڵا (ڕۆحانی)، مەلا حوسێنی ئەمیری (ڕۆحانی)، محەممەد ڕەسوول زەكەوی(ڕۆحانی)، نووری بەگ (ڕەئیسی عەشایر)، مارف ئاغا (ڕەئیسی عەشایر)، عومەرخانی شكاك(ڕەئیسی عەشایر)، شێخ عەبدولقادر(ڕەئیسی عەشایر)، عومەرئاغا

هەشت بەندەکە ئەمانە بوون:

1- نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسووڕانی کاروباری مەحەلیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.

2- مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبی و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوەبچێ.

3- لەسەر بناخەی قانوونی ئەساسی ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان بە ڕوونی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێرییان بەسەردا بکا.

4- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

5- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن ملّکدا ڕێککەوتنێک پێکبهێنرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ.

6- حیزبی دێموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆرییەکان و ئەرمەنییەکان و هی دیکە؛ یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێ.

7- حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشتر کردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە سوودوەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگایەدا تێ دەکۆشێ.

8- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشخستنی نیشتمانی خۆیان.

لە ڕۆژی 2ی خەزەڵوەری (1324) (25 ئۆکتۆبەر 1945) حیزبی دیموکرات یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری مەهاباد بەڕێوەبرد. بەشداربووانی کۆنگرە بریتی بوون لە نوێنەرانی چین و توێژە

---

جەلالی (ڕەئیسی عەشایر)، کەریم ئاغا قمقلعە (ڕەئیسی عەشایر)، ئیبراهیم ئاغای مەنگوڕ(ڕەئیسی عەشایر)، ڕەشید جەهانگیری (ڕەئیسی عەشایر)، عەلی مانقور (ڕەئیسی تایفە)، حەسەن چنارە (ڕەئیسی تایفە)، جەعفەر هەنارە (ڕەئیسی تایفە)، غەنی خوسرەوی (ڕەئیسی شەهرەدار)، عەباس ئاغا فەنەک (ڕەئیسی تایفە)، عەزیز سادقی (مالیک)، محەممەد حوسێن سەیفی قازی (مالیک)، عەبدولقەدیر جەعفەری (مالیک)، یوسف شەریفی (مالیک)، قەدیر شەریفی(مالیک)، نەجیب شەریفی(مالیک)، حەسەن جەلالی(مالیک)، مەناف کەریمی(مالیک)، ئیبراهیم ئیبراهیمیان(مالیک)، کاک هەمزە (تایفەی مەنگوڕ)، کاک حوزێر (مالیک)، کاک هەمزە (تایفەی مامەش مالیک)، کاک عەبدوڵلا (مالیک)، قاسم ئاغای ئیلخانیزادە(مالیک)، مامەند قەدیری (ڕەئیسی تایفە)، مەعرووف قەدیری (مالیک)، حوسێن مەعرووفی(مالیک)، محەممەدئەمین بایەزیدی (مالیک)، گوڵاوی بایەزیدی(مالیک)، پیران ئەمیرعەشایری (مالیک)، قەدیر مامەندپوور(مالیک)، سەلیم ئەمیر عەشایری(مالیک)، عەبدولئیلا عەزیزی (مالیک)، تاران زەرزا (ڕەئیسی تایفە)، محەممەد ئەمین عەشایری مافرا (مالیک)، کاک هەمزە عەزیزی(مالیک)، مەعروف بەرزنجی(مالیک)، ڕەحیم حوسێنی (مالیک)، سەید عەلی حەسەنپوور(تاجر)، حاجی مستەفا داودی(تاجر)، ئەحمەد وەلیزادە(تاجر)، سەعید سەلاحیان(تاجر)، سادق حەیدەری(تاجر)، حەمید بلوریان(تاجر)، قاسم مەت مەتی(تاجر)، محەممەدخەلیل خوسرەوی(تاجر)، ئەحمەد ئیلاهی(تاجر)، هاشم یوسفی(تاجر)، حەمید حەمیدی(تاجر)، ئیسماعیل شەریفی(تاجر)، قەدیر کەریمی(تاجر)، عەلی ڕێحانی(تاجر)، خدر سەیدنیزامی(تاجر)، محەممەدئەمین شەرەفی(تاجر)، حاجی عەلی دباغی(تاجر)، سەید محەممەدی حەمیدی (موستەخدمی دەوڵەت)، محەممەدی یەحیایی (موستەخدمی دەوڵەت)، سوڵتان وەتەمیشی(موعەلیم)، ڕەحیم سەید محەممەد تەقیزادە(دەوافرۆش)، مستەفا سوڵتانیان(مهەندیسی فەلاحەت)، ڕەحیم لەشکری(معەلیم)، محەممەدئەمین موعینی(کاڕێژدار)، حاجی ڕەحیم شیربەگی(تاجر). (حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، هەولێر، 2011، 125- 126).

جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە[77] کە لە چەندین شار و ناوچەی کوردستانەوە هاتبوون. کۆنگرە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژارد و مەرامنامەی حیزبی پەسەند کرد[78].

---

[77] ماکو و ئارارات: ئاغای عومەر خانی جلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای شێخ کی، حەسەن ئاغای دلآیی، ئاغای عەبدوڵلائاغای مەلان، ئاغای فەخری 2- سۆما و برادۆست و دەشتی مەرگەوەڕ: ئاغای عومەرخانی شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس ئاغای فەنەک، ئاغای قۆیتاسئاغای مامەدی، ئاغای حاجی وەتمان، ئاغای شێرۆ، ئاغای حەسەن تیلۆ، ئاغای تەمەرخان، ئاغای مراد، ئاغای نوورکو، ئاغای زبێد، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەیدعەبدوولا ئەفەندی 3- شنۆ: ئاغای مووساخانی زەرزا، ئاغای قەرەنیئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەممەد، ئاغای کاک هەمزە. 4- سندووس: ئاغای ئەحمەدی کاخدر، ئاغای قاسمئاغای پیرۆتی، ئاغای محەممەدئەمین ئاغای پیرۆتی 5- لاهیجان: ئاغای عەبدوڵلائاغای قادری، ئاغای کاک مامەند قادری، ئاغای کاک حوسێن محەممەدی، ئاغای پیرۆت ئاغای عەشایری، ئاغای محەممەدئەمین ئاغای پیرۆتی 6- پیران: ئاغای محەممەدئەمین ئاغا، ئاغای قەرەنیئاغا 7- میاندواو: ئاغای محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی 8- بۆکان: ئاغای عەبدولڕحمن شەرەفکەندی، ئاغای ڕەشید عەلیزادە. (نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، س.ث، ل 83- 84).

[78] تێکستی تەواوی مەرامنامەکە بەم جۆرەیە:

فەسڵی یەکەم:

1- ناوی حیزب: حیزبی دیموکراتی کوردستانە

2- حیزب لەسەر ئەم بناغانە دامەزراوە، حەقیقەت، عەدالەت، تەمەددون. هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسەندکرانی لەلایەن کۆنگرەوە جێبەجێ دەکرێن.

3- قەڵەم و گوڵەگەنم بۆ عەلامەتی حیزب قوبوڵ کراوە.

فەسڵی دووەم:

4- لە قۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حیزب بریتییە لەوەی کە لە نێو سنورەکانی دەوڵەتی ئێراندا، پارێزگاری مافەکانی کورد بکا و بۆ جێگیرکردنی ڕێگەی خودموختاری هەڵبژێرێ. لەهەموو ئەو ئەیالات و ولایاتانەدا کە بە درێژایی مێژوو کوردیان تێدا ژیاوە و زەحمەتی کێشاوە. هەروەها لە کورستان دەبێ لەسەر بنچینەی دیموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی میللی و قەومی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی مافی وەکوو یەکیان هەبێ.

5- ئامانجی حیزب بریتیە لە پەرەپێدانی دیموکراسی، لەسەر ئەو بنچینەیە تێ ئەکۆشی بۆ خۆشیی مرۆڤایەتی.

6- حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکوکییەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نیە، بەڵام ئەو پەڕی بە ڕێگای هێمنانە تێ بکۆشێ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەشساخی و کشتوکاڵی گەلی کورد کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی چەوسێنەراندا بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داواکاری مافی خودموختاریی میللیە.

فەسڵی سێیەم:

7- هەموو مالیات و عەواریض بە شیوەی زەروری کو ئەکرێتەوە و لەسەر بنچینەی بودجە ڕێك ئەخرێ و دابەش ئەکرێ.

8- یەکەمین هەنگاوی حکومەتی میللی ئەوەیە دەس ئەکا بە ئاواکردنەوەی وڵات و پەرەپێدانی ڕێکخراوەی ئابووری و سیاسی، لەبەر ئەوە ناتوانێ زیادتر لە 30%ی مالیاتی کوکراوە بە حکومەتی مەرکەزی بدا.

9- ئەبێ هەموو مەئموورانی کیشوەری و سیاسی و دائیرەکانی کشتوکاڵ کورد بن حکومەتی میللی هەرکاتێ بە پێویستی زانی ڕاوێژکارانی بێگانە بانگ ئەکا. هەموو کارەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و دادگوستەری ئەبێ بە زمانی کوردی بنووسرین و بەڕێوە ببرێن.

10- حیزب تی ئەکوشی بۆ گەشەپیدانی کشتوکال ماشین بکرێ و هەوڵ ئەدا ئەو بەروبومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن بە باشی بفرۆشی.

11- حیزب تێ ئەکۆشی بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساخی دێهات و بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچودایە، لەدێیەکەوە بۆ دێیەکی تر.

12- حیزب بەبێ جیاوازیی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و لەشساغی هەموو زەحمەتکێشان ئەکا کە لە کوردستاندا ئەژین.

13- بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قوتابخانەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێنرێ.

14- بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی زانین و ژیان و شارستانێتی خەڵك ژمارەیەکی زۆر ناوەندی زانستیی کتێبخانە، قەرائەتخانە، کلوب، تیاتر و مەیدانی وەرزش دائەمەزرێنێ.

15- هەموو مەئمورانی کوردی کە لە ایالات و ویلایاتی دیکەدا لە ئیدارە و ئەرتەشدا کار ئەکەن ئەبێ بگەرێنەوە کوردستان.

16- حکومەتی میللی بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر، لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکێتی سۆڤیەتی، دائەمەزرێ.

17- حکومەتی ناوچەیی کوردستان لەهەموو کۆنفرانسە جیهانییەکان دا کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترێن، بەپێی ژمارەی خۆی، داوای بەشدار بوون ئەکات.

18- حکومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدا بە هەرکەسێ کە بیەوێ.

فەسڵی چوارەم:

19- حکومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێگای هەرزان و رەحەت بە توندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و محتکران رادەوەستێ.

20- حکومەتی میللی پەرە بە ئابووریی کوردستان دەدا و لە هەموو شارەکاندا کارگە دادەمەزرێنێ، ئەبێ دەستی گڵاوی ئیستیعمار لە سامانی سروشتی ئێمە ببرێ، ئەبێ بۆ خۆمان سوود لەم سامانە وەربگرین و لەهەمان کاتدا سوود بە مرۆڤایەتیش بگەیەنین.

21- ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکو پیاوان مافی وەکوو یەکیان هەبێ.

22- ئەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکان کە لە کورستان دەژین وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری بە تەواوی دابین بکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرماوەزری (1324).

لەگەڵ ئەوەیدا کە حیزبی دیموکرات هەر لە سەر بناغەی کۆمەڵەی (ژ- ک) دامەزرا بوو، بەڵام بەرنامە 8 مادەییەکەی حیزب ئەگەر نە بەتەواوی بەڵکوو لە چەند ڕوویەکەوە لەگەڵ ئامانج و بەرنامەی کۆمەڵەی (ژ- ک)دا جیاوازی هەبوو. دروشم و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە چاو دروشم و سیاسیەتی کۆمەڵەی (ژ- ک) گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە[79]. ئەگەریش بەراوردێك بەکەین لە نێوان ستراتیژیی کۆمەڵەی (ژ- ک) کە بریتی بوو لە وەسەریەکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لەگەڵ ماددەی یەکەم و سێیەمی حیزب کە دەڵێ لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختاری دەوێ و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی لەسەر بناخەی دەستوور ئەنجوومەنی ویلایەتی کوردستان هەڵدەبژێرێ، بەڕوونی پاشەکشەی پێوە دیارە.

ماددەیەکی دیکەی ئەم بەرنامەیە کە ڕەخنەیەکی زۆری لەلایەن بەشێك لە نووسەر و لێکۆلەران ئاراستەی کراوە، ماددەی 5ی ئەم بەرنامەیەیە کە هیچ باسێکی لە فۆرمولێکی دیاریکراو بۆ چارەسەری گیر و گرفتی دژواری پێوەندیی خاوەن زەوییەکان و جوتیارانی بێ زەوی نەکردوە. کەریم حیسامی پێی وایە: "ڕێککەوتن و پێکهاتنی لادێی و خاوەن موڵکەکان کە لە ماددەی پێنجەمدا داوای دەکرێ وەك ئاشتکردنەوەی گورگ و مەڕ وایە. دیارە مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین دەبوایە داوای (دابەشکردنی زەوی و زار) بکرایە، بەڵام لانیکەم دەبوایە بۆ ڕاکێشانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی گوند بەڕوونی دارولەلەیەکی بۆ دەسەڵات و زوڵمی دەربەگەکان دانابایە"[80] مەك داوڵ، دەڵێ: "حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیتوانی لەمەسەلەی چاککردنی باری موڵکایەتی هەنگاوێك هەڵبێنێ[81] کریس کۆچێرا دەنووسێ: "ئەو بەرنامەیە کە لە بنەڕەتدا بەرنامەیەکی نەتەوەییە، نیشانەیەکی لە شۆڕشگێر بوون تێدا بەدی ناکرێ و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی حیزبی نوێیە[82] سەید عەزیز شەمزینی پڕۆگرامی حیزبی دیموکراتی کە لەیەکەم کۆنگرەدا پەسەندی کرد داوەتە بە تیشکی ڕەخنە و لە کتێبەکەی خۆیدا کە شێوەی شیکردنەوەی مارکسیسی بۆ ڕووداوەکان ڕەچاو کردووە و پێی وایە: ئەو پروگرامە بەهیچ چەشنێك باسی پەیوەندی حیزب و چینە ستەمکێشەکانی نەکردووە و لەم بارەیەوە نەیتوانی هەڵوێستی حیزب بەرامبەر بە دەرەبەگەکان و پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕوون بکاتەوە و بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگ و بازرگانەکانی بە ئاشکرا لە پڕۆگرامدا مسۆگەر کردووە[83].

لەبەرامبەردا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرنامەی حیزب لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە ژیانی جوتیارانی کوردستانیشدا هەوڵ دەدا بۆ ڕۆژگاری ئەوسای کوردستان ڕێگە چارەسەرێکی مام ناوەندی بدۆزرێتەوە، واتە نە لە ئاست ژیان و بەڕێچوونیان بێدەنگی دەگرێتە بەر و نە خۆ لە خانەی دروشمێکی ڕادیکاڵی وادا دەبینێتەوە کە (بۆ وێنە دروشمی زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا) لەو سەردەمەدا بەکردەوە نەیدەتوانی بەکردەوە بێتەدی و هەربۆیە لە ماددەی 5دا نووسراوە: دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن موڵکدار ڕێککەوتنێك پێکبهێنرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ[84].

---

(نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان (کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا)، س.پ، ل 87، 89.
[79] کەریم حیسامی: کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟ چ2، ستوکهولم، 1986، ل 19.
[80] هەمان سەرچاوە، ل 22.
[81] دیڤید مەك داوڵ: س.پ، ل 501.
[82] کریس کوچرا: جنبش ملی کرد، م.ق، ص 209.
[83] سەید عەزیز شەمزینی: س.پ، ل 326. (بۆ زانیاریی پتر لە کەم و کوڕییەکانی پرۆگرامی پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی حیزب کە لە ڕۆژانی (25- 28)ی ئۆکتوبەری ساڵی (1945) بەسترا. (بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل 327، 328).
[84] ئەیوب ئەیوب زادە: لە ژ- ک وە بۆ کۆمار (مێژووونووسی حیزب لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا)، هەولێر، 2008، ل 18.

بەسەرنجدان بە چۆنیەتیی دابەشبوونی خاوەندارەتیی زەوی لە کوردستان[85] کە زیاتر لە 60%ی خێزانە جووتیارەکان نە کەم و نە زۆر زەوییان نەبوو و 23%یشیان کەمتر لە هێکتارێکیان زەوی هەبوو[86] لەلایەك و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو 72 کەسەی کە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتیان ڕاگەیاند، کە بریتیی بوون لە خاوەن موڵك 24 کەس، سەرۆك عەشیرەتە 16 کەس، بازاری 18 کەس، خوێندەوار و ڕووناکبیر 10 کەس، پیاوی ئاینی واتە مەلا 4 کەس[87] لەلایەکی دی چاوەڕوانی نەدەکرا بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی جیددی بۆ باری موڵکایەتی هەڵبگرێ. ماددەی 5ی بەرنامەی حیزب ئەو پەڕی زەرفیەت و دەسەڵاتی سەرکردایەتیی حیزب بوو بە قازانجی چینی جووتیار و زەحمەتکێشی لادێ کە لایەن خاوەن موڵکە گەورەکان بە خراپترین شێوە دەچەوسانەوە. هەربۆیە د. قاسملوو دەڵێ: ماددەی 5ی بەرنامەی حیزب نە تەنیا شۆڕشگێرانە نییە، داخوازێکی ڕادیکاڵیش نییە، بەڵکوو داخوازێکی ڕیفۆرمیستییە، مەبەستی ئیسلاحی ئەو کۆمەڵەیە و پاراستنی نەزم و نیزامی کۆنە[88] و پاراستنی نەزم و نیزامی کۆنیش واتە پاراستنی بەرژوەندیی خاوەن موڵکە گەورەکان.

### باسی دووهەم: کۆماری کوردستان (1946)

سێ مانگ دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەهۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. دامەزراندنی کۆماری لە دوای ئەزموونی دەسەڵاتداری شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان بە دووەمین ئەزموون و دیارترین ڕووداوی سیاسیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لە سەر ئاستی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی[89].

لە 2ی ڕێبەندانی 1324 (22جونیڤەری 1946)دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراواندا لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان و خەڵکی بازرگان، کاسبکار، جوتیار و پاڵەی کوردستان و (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) لەمێژووی هاوچەرخی کوردیدا هاتە کایەوە[90] قازی محەممەد[91] کە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بوو بە سەرۆك کۆماری کوردستان، لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی قسەی

[85] مڵکی خاوەن موڵکەکان (78%)، مڵکی دەوڵەت و شا (10%)، مڵکی موقوفە (2%)، مڵکی عەشیرەتەکان (2%) موڵکی جوتیاران (8%) (عەبدولرەحمان قاسملوو: کوردستان و کورد، و: عەبدوڵا حەسەن زادە، بنکەی پێشەوا، 1973، ل 145). قاسملوو ئەم زانیارییانەی لەسەرچاوەیەك وەرگرتووە کە لە ساڵی (1950) چاپ کراوە.

[86] هـ.س، ل 145.

[87] کەریم حیسامی: پێداچوونەوە (گەشتێك بەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستانی ئێران) ستۆکهۆڵم، 1996، ل 189. بە سەرنجدان بەم پێکهاتەی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی، د.ئەمیری حەسەن پوور کە لە گۆشەنیگای چەپێکی ڕادیکاڵ ڕوانیویەتە ئەم بابەتە دەڵێ: "هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی (ژ- ک) و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان سازانی مێژوویی نێوان دەرەبەگایەتی و کوردایەتی هێنا کایەوە (عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) چ2، سلێمانی، 2005، ل 27.

[88] د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 43.

[89] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، س.پ، ل 282).

[90] د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی (سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1943- 1947)، هەولێر، 2008، ل 27.

[91] قازی محەممەد: لە بەرواری یازدەی گوڵانی ساڵی (1900) لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، باوکی ناوی قازی فەتاح عەلی لە گەورە پیاوانی شاری مەهاباد و دایکی گەوهەر تاج خانم لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی یە. خوێندنی سەرەتایی لەلای باوکی و مامی شاعیری بەناوبانگ ئەبولحەسەن سەیفولقوزات تەواو کردووە. شارەزایی لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی و فارسی و تورکی هەبووە. لە ساڵی (1923) تا ساڵی (1925) لێپرساوی ئیدارەی ڕۆشنبیری و ئەوقافی مەهاباد بوو و دواتر بوو بە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ لە مەهاباد. دوای مردنی باوکی لە ساڵی (1931) لەلایەن حکومەتی تارانەوە کرا بە دادوەری مەهاباد. لە ساڵی (1944) بە نازناوی بینایی بە ڕەسمی دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک) بەرپرسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (1945) بوو و بووبە سەرۆکی کۆماری کوردستان (1946) لە ڕۆژی 30 مارسی 1947 لەلایەن حکومەتی ناوەندییە لە سێدارە درا (محەممەدڕەزا سەیف قازی: نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی – بەڵگەنامەکان- و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی، 2008، ا 29، 30).

کرد و بەرنامەی دواڕۆژی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتدا هەموو ئەو بەرنامەیە بوو کە حیزبی دیموکرات دایناب‌وو[92].

ئێستا حیزب لەبەردەم ئەزموونی پراکتیزەکردنی بەرنامەی ڕاگەیاندراوی خۆی بەهۆی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" بوو. لەماوەی یازدە مانگی تەمەنی کۆماردا کە زۆر کورت بوو، زۆرێك لە داخوازییەکانی کورد بەدی هاتن، زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی، گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون و بڵاوکراوەی ئەدەبی پەرەی سەند، پێشمەرگەی کورد جێگەی یەکەکانی پۆلیسی ئێرانی گرتەوە (سوپای میللی)، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی و دام و دەزگای حکوومەتی کوردی پێك هات[93] هاتنی ژنان بۆ نێو ژیانی سیاسی، فەرهەنگی و پەروەردەیی و بونیادنانی سیستەمی پەروەردەیی مودێرن و بونیادنانی دامەزراوە کولتورییەکان (سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە) لە دەستکەوتەکانی دیکەی کۆماری کوردستان بوون[94].

بەڵام کۆماری کوردستان نەیتوانی لەڕووی ئابوورییەوە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ژیانی دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی پێك بێنێ، بەتایبەتی بە قازانجی جوتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردستانیان پێك دەهێنا[95] هەنگاوێکی جیددیان هەڵنەگرت. ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

بەرنامەی (ژ- ک) بۆ دۆخی ئابووری- کۆمەڵایەتیی ئەو کاتی کوردستان داکۆکی لە جوتیاران و پێویستی چاکسازی لە هەل و مەرجی ژیانیان و کۆتاییهێنان بە زۆرداری و چەوسانەوەی خاوەن موڵکە گەورەکان و دەرەبەگەکان بوو، ئەم گوتارەی (ژ- ک) چی لێ بەسەرهات لەنێو حیزبی نوێدا کە لە سەر داروپەردووی ئەو دامەزرابوو؟.

ئەو گوتارەی کە باڵی چەپ و لەهەمانکاتدا دەسترویشتووی[96] (ژ- ک) هەڵگری بوو، لە نێو حیزبی دیموکراتدا ئیتر باڵادەست نەبوو و لە توانایدا نەبوو تێڕوانینی خۆی بکا بە ئەجێندای حیزب بۆ دۆخی ئابووری- کۆمەڵایەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار. هەرچەندە لەچەند ژمارەیەکی کوردستان "شوێن پەنجەی ئەم بیر و ئەندێشەیە هەر بە لاوازی خۆی دەردەخا[97] ئەم چوونە

---

[92] د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 68.

[93] نادر ئینتسار: س.پ، ل 58.

[94] بۆ زانیاری پتر لەسەر کار و کردەوەکانی کۆماری کوردستان بڕوانە (د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، س.پ، ئەیوب ئەیوب زادە، س.پ، د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران. س.پ).

[95] لەو ساڵانەدا زیاتر لە 70%ی خەڵکی کوردستان لە دێهاتدا دەژیان (حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001، ل 216).

[96] عەبدوڵڵا ئەبریشەمی دەڵێ: "زۆربەی ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوە و دامەزرێنەرانی (قازی موحەممەدیان لەگەڵ نەبوو) هەر لە زووەوە مەیلیان بۆ چەپ هەبوو (عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشم انداز ایران، نشریه سیاسی راهبردی، ویژه نامه کردستان 3، پاییز 1384، ص 75.

[97] بۆ وێنە زەبیحی سکرتێری کۆمەڵەی (ژ- ک) لە کوردستانی ژمارە (18)دا جاڕی شۆڕشی سور لە قاڵبی شێعر دەدا:

شەڕابی سوور
به شایی لوغان دەخۆم ئەو دەم شەڕابی سور
کە بیتە دەر لە شەرقی انقلابا آفتابی سوور!
قوربانی ئەو دەمەم کە خوێنی ستەم گەڕان
دەریایی انقلاب ببی پر حبابی سوور
چەند خۆشە ئەو زەمان بە داژداری چەکوچو داس
کوردان لە گەردەنی دوژمن بکەن تەنابی سور
مەڕژێنە هێندە خوێنی ڕەنجبەر ایمروکە، خان
ڕۆژی حیساب ئەکێشێ لە تۆ انقلابی سور
پرسیاری دا بە من لە آتیەیی خودی جەناب
هینامە پێشی خەنجەرەکەم، ها جوابی سور
آغا شرابی سوری لە پێشە و لە برسێتی
چاوی پڕە کچی جوتیر لە آوی سور

پەراوێزەی باڵی چەپ لە نێو حیزبی دیموکراتدا بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی چینایەتیی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی کۆماری کە سەر بە چینی خاوەن موڵکە گەورەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان بوون، بەبەراورد بە ڕێبەرایەتی (ژ- ک) کە خوێندەوارانی شاریی سەر بە چینی ناوەند (وردە بورژوازی) بوون سروشتی بوو.

خاڵێکی جێگای سەرنج لەم قۆناخەدا ئەوەیە ئەگەر لە نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باڵی چەپ دەخرێتە پەراوێزەوە، بەڵام بەڕووی دەرەوەدا حیزبی دیموکراتی لە حیزبە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی ئێران نزیك دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەم نزیك بوونەوە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێران گەرمتر بوو، لەگەڵ حکومەتی میللی ئازەربایجان پەیماننامەی دۆستایەتی مۆر کرد و دوای گفتوگۆکانی نێوان قازی محەممەد و حکومەتی ناوەندی و ئەو ڕۆڵەی کە توودەییەکان لەو نێوەدا گێرایان، پێوەندیی حیزبی توودە لەگەڵ حیزبی دیموکرات گەرم بوو. ئەم پەیوەندییەش بەچوونی کوردەکان بۆ نێو حیزبەکانی باڵی چەپ لە ئیئتلافی بەرەی پێشکەوتووی ئێران قایمتر بوو. ئاکامی ئەو ئیتیلافە ئەوە بوو کە کوردەکان و فرقەی دیموکرات و حیزبی توودە هەڵوێستی خۆیان لێك نزیك کردەوە[98].

لە ئەنجامی ئەم لێکنزیکبوونەوەیە بۆ هەڵبژاردنی خولی پانزدەهەمی پەرلەمانی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەم حیزبانە دەچێتە بەرەوە بۆ بەشداریکردن و دەنگوەرگرتنی زیاتر. قازی محەممەد بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تەلگرافێکدا[99] بۆ قەواموسەڵتەنەی[100] ڕێبەری حیزبی دیموکراتی ئێران، د. فەریدوون کەشاوەرز ئەندامی ڕێبەریی حیزبی توودە و ئەڵڵاهیار ساڵح ڕێبەری حیزبی ئێران[101] و پیشەوەری[102] ڕێبەری فیرقەی

---

خۆتان بشۆن بە خوێنی عدو کوردە ڕاپەڕن
فتوای شەرعی انقلابە بە نصی کتابی سور
کەنگێ دەبێ کە دەستی علم هەڵبداتەوە
"بێژەن" لەڕووی کچە کوردان نقابی سور
(لە کوردستانی ژمارە 74دا وتارێك لە ژێر ناوی "اشتراکی چی یە؟" بە قەڵەمی ناوێکی خوازراو "شوان" چاپ بوو تێیدا نیزامی ئابووری-کۆمەڵایەتی سوسیالیزمی پێناسە کردووە.

[98] موجتەبا برزویی: بارودۆخی سیاسیی کوردستان (1880- 1949)، و: نازناز محەممەد عەبدولقادر، سۆران عەلیپور و یوسف خزرچوپان، هەولێر، 2005، ل 443.

[99] دەقی ئەم تیلگرافە بەم جۆرەیە:
تیلگرافی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بەبۆنەی یەکگرتنی شەش لایەنی ئەحزابی ئازادیخواز کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە ڕیزی ئەو یەکگرتنەدایە، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین و بەشانازی دەزانین کە حیزبی ئێمە دەستی دەناو دەستی زۆربەی هاونیشتمانیان ناوە، یەکیان گرتووە و دەتوانێ شان بە شانیان لەڕێی ئازادی ئێرانی خۆشەویست لە خۆبوردووانە تێبکۆشێ. بەهۆی ئەوە کە شەش مانگە "ارتجاع" بە بۆمب و تانك و تۆپ دایانگرتووین و سەرقاڵی خەباتێکی خوێناوی بووین، پێشتر دەرفەتمان نەبوو لەسەر هاوکاریمان بۆ ئازادی هاونیشتمانیان ئازادیخواز پێکەوە ڕاوێژ بکەین، داوای لێبووردن دەکەین. هیوادارین لەمەودوا لە قەدەر توانامان دەرحەق بەم ڕێککەوتنە کە بۆ برەوپێدانی ئازادیی وڵاتە خۆشەویستە لێهاتوویی تەواو نیشان بدەین و بۆ بنبڕ کردنی "ارتجاع" دەورێکی گرنگ بگێڕین.
لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان "کەریمی". (کوردستان: ژمارە 21، 5ی خەرمانانی 1324).

[100] قەواموسەڵتەنە: لە بەناوبانگترین سیاسەتمەدارانی ئێران لە کۆتایی سەڵتەنەتی قاجارەکان و قۆناخی سەڵتەنەتی بنەماڵەی پەهلەویە و بەتایبەتی لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی تا ساڵی (1952) کە بۆ دوایین جار بوو بە سەرۆك وەزیران، ڕۆڵێکی گرنیگی لە شانۆی سیاسیی ئێران بینی. ناوبراو لە ساڵەکانی (1921، 1942، 1945، 1946، 1952) بوو بە سەرۆك وەزیران. (زهرا شجیعی: نخبگان سیاسی ایران: از انقلاب مشروطه تا انقلاب اسلامی، وزرات و وزیران در ایران، جلد سوم، تهران، 1372).

[101] حیزبی ئێران: بەهۆی ئەندازیارێکی گەنج بەناوی مەهدی بازرگان کە لە فەڕەنسا خوێندنی باڵای تەواو کردبوو، دامەزرا. پێکهاتەی ئەم حیزبە زۆرتر بریتیی بوون لە ئەندامانی پیشەیی و تیکنۆکرات سەر بە چینی نێوەڕاست و کارمەندانی دەوڵەت، دەرچووانی زانکۆکان و خوێندکار و قوتابیانی زانکۆ و قوتابخانەکان. لە دروشمەکانی ئەو حیزبە کە بانگەشەی بۆ دەکردن: کۆتاییهێنان بە نفوزی بێگانە، نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و گەندەڵ، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەهۆی حکومەتی مەشڕووتە و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (مصطفی علم، نفت، قدرت و اصول، ملی شدن نفت و پیامدهای ان، ترجمە، غلام حسین صالحیار،: تهران، 1377، ص 161).

[102] پیشەوەری: جەعفەر پیشەوەری کۆمۆنیستێکی پێشوو، ئەندامێکی بەرچاوی کۆماری گەیلان بوو کە لە ساڵی (1920) دامەزرا، پاش ڕووخانی ئەو کۆمارە بەرە و یەکیەتیی سۆڤیەت ڕۆیشت، پاش کەوتنی ڕەزا شا لە ساڵی (1941) وەك سەرکردەیەکی حیزبی توودە گەڕایەوە ئازەربایجان، لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیی ساڵی (1943) سەرکەوت، بەڵام حکومەتی ئێرانی ئەو سەرکەوتنەی ڕەتکردەوە. لە حکومەتی میللیی ئازەربایجان

دێموکراتی ئازەربایجان پێی ڕاگەیاندن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە لەو بەرەیەدا بەشداربێ[103]. سەدری قازی برای قازی محەممەد و نوێنەرای مەهاباد بۆ خولی چواردەهەمی مەجلیسی شورای میللی وەك نوێنەری بەشی دانوستان و پەیوەندییەکان بە بەرە ناسێندرا[104] لەم پەیوەندییەدا حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ستادی سوپای ئێران دەڵێ: "هەرچەندە سەدری قازی ئەندامی حیزبی توده نەبوو، بەڵام لەهەموو شوێنێك لەگەڵ ئەوان هەڵدەستا و دادەنیشت[105].

بە پێچەوانە کۆمەڵەی (ژ- ک) نە تەنیا لە حیزبی تودە نزیك نەدەبوو، بەڵکو دژی چالاکیی ئەم حیزبە بوو لە کورستان. شەمزینی دەڵێ: "حیزبی تودە دەیهەویست لە کورستان لقی تایبەتیی هەبێ و کۆمەڵە لەم بارەیەوە لاری هەبوو"[106] ئەم ناکۆکییە لە چاوی کونسوڵی بەریتانیا لە تەورێز ون نەبووە و لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسی: "ئاشکرایە بۆ مەسەلەی ڕاکێشانی پشتگیریی کوردەکان، کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی تودە کێبەرکێیان لە نێواندا هەیە و دەگوترێ کۆمیتەی کۆمەڵەی (ژ- ک) لە مەهاباد نامەی بۆ لقی حیزبی توودە لە میاندواو نووسیوە و داوای لێکردوون ناوی هیچ کوردێك لە حیزبەکەیاندا نەنووسن، چونکە ئەرکی هەموو کوردێکە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک)[107]. ئەم ململانێ و گرژییەی نێوان (ژ- ک) و حیزبی تودە لە ڕاپۆرتی سەر کونسوڵی سۆڤیەت لە ورمێشدا دەبینرێ: "بەپێی ڕاگەیاندنی "ئازاد وەتەن"، بەرپرسی حیزبی تودە لە ورمێ دەریخستووە کوردەکان ریزی بەرگرییان دروست کردووە و ئەندامانی پارتی (ژ- ک) کە دەچنە گوندەکان پرۆپاگەندە بۆ هاتنە ریزی کۆمەڵە دەکەن. ئەگەر کەسانێك ئامادە نەبن بە زۆر دەیانهێنن و لەنێو ئەوانەدا کە بەزۆر ناچاریان دەکەن، بێنە ریزی (ژ- ک) و ئەندامانی تودەشیان تێدایە، بە قورئان سوێندیان دەدەن. (ژ- ک) دەیهەوێ کوردستانی سەربەخۆ پێکبهێنێ[108] ستراتیژی دیاریکراوی (ژ- ک) کە بەرنامەیەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بوو واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد پێکهاتوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی حیزبی تودە کە پاراستنی سەروەریی خاکی ئێران بوو بە تەواوی ناتەبا بوو و ئەمە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی ئەم دوو ڕێکخراوە بوو.

نزیکبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هێزە چەپ و پێشکەوتووخوازەکان دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەوکاتی سۆڤیەتیدا بدۆزرێتەوە کە لە سەفەری دووهەمی[109] قازی محەممەد و وەفدی یاوەری بۆ باکۆ پێیان ڕاگەیاندن و بەتایبەتی دوای چوونە دەرێیان لە ئێران لەسەری مکوڕ بوون کە لەچوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی تری ئێران دانیشتووی ئەو وڵاتە و حیزبە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی بۆ بە دیموکراتیزەکردنی ئێران هەوڵ بدەن و سروشتی بوو حیزبی تودەش لە تەوەری بەڕێوەبردنی ئەم ستراتیژییەدابێ.

---

ساڵی (1945) بوو بە سەرۆکی ئەم حکومەتە. پاش ڕووخانی حکومەتی میللیی ئازەربایجان لە ساڵی (1946) بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت ڕۆیشت و لەوێ بەڕووداوی ئۆتۆمبێل تێداچوو. (د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران، چ2، سلێمانی، 2009، ل 189).

[103] هاشم سەلیمی، پێشەوای ڕابوون (بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون)، و: ڕەسووڵ سوڵتانی، هەولێر، 2007، ل 112. دوو حیزبی دیکە بەناوەکانی حیزبی سۆسیالیست و حیزبی جەنگەڵیش لەم بەرەیەدا بەشداربوون (د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 78).

[104] هـ.س، ل 112.

[105] حسن ارفع: م.ق، ص 76.

[106] سەید عەزیز شەمزینی: س.پ، ل 325.

[107] ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەڕیتانیا، س.پ، ل 131.

[108] د. ئەفراسیاو هەورامی: س.پ، ل 128.

[109] لەسەرەتای خەرمانانی 1324 (ئۆکتۆبەری 1945)دا قازی محەممەد بە سەردان چووە تەورێز و لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە 12ی خەرمانانی (1324) (3ی سێپتێمبەری 1945)دا بەشداربوو. هەر پاش ئەو جەژنە لەگەڵ چەند کەسی دیکە بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ بانگهێشت کرا. دیارە سەفەری ئەم جارە سەفەرێکی بە تەواو سیاسی بوو، چون قازی محەممەد سەرۆکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو و ئەندامانی ئەو لێژنەیە هەموویان ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک) بوون. (د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 65 و حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان: س.پ، ل 115).

پەیوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی (ژ- ک) نە تەنیا بە شێوەیەکی یەکلایەنە نەمایەوە، بەڵکو پێی نایە قۆناخێکی دوستانە لەنێوانیان. یەکیەتیی سۆڤیەت بە ئاشکرا بەڵێنی بە ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات دا کە یارمەتی ماددییان[110] پێ بکا و پشتگیریان بکا[111]. حیزبی دیموکراتیش بە ئاشکرا و لە ماددەی (16)ی مەرامنامەی خۆیدا دەنووسێ: حکومەتی میللی بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و، لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەتی دادەمەزرێنێ[112].

بێ گومان یەکیەتیی سۆڤیەت ئامانجی خۆی لە پشتگیری و یارمەتیی کۆماری کوردستاندا مەبەست بوو، بەڵام لە عەرزی واقعیشدا ئەم پشتیوانییە بۆ مانەوەی کۆماری کوردستان چارەنووسساز بوو. بەتایبەتی کە بوونی سوپای سوور لە ناوچەکە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ نەگەڕانەوەی سوپای دەوڵەتی بۆ ناوچەی موکریان و لە ڕاستیشدا ئەوە یەکەمجار بوو دەوڵەتێکی زلهێز بەم شێوەیە داکۆکی لە مافی نەتەوایەتیی کورد کردبێ، بۆیەش سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێبەرانی لە چاپەمەنی حیزبدا لە فۆرمی وتار و شیعر[113] بە شێوەیەکی بەرچاو خۆ دەنوێنێ. سۆز و خۆشەویستێکی کە زۆرتر بۆ هێزێکی رزگاریدەر و هاوپەیمانێکی داکۆکیکەرە تا وەکو بۆ ئایدۆلۆژی و ئەو سیستەمی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە پەیرەو دەکرێ.

زۆرجار کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازەربایجان ناویان پێکەوەدێ و ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پێکهاتن و هەرەس هێنانیان تاڕادەیەکی زۆر هاوکات بووە[114] و بێجگە لەوەی کە دراوسێ بوون پێکەوە لە پەیوەندیشدابوون و پەیمانی دوو لایەنەیان هەبووە و بەتایبەتی

---

[110] باقرۆف سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە دیداری دووهەمدا کە بە سەرۆکایەتیی قازی موحەممەد چووبوونە باکۆ بەڵێنی ئەم یارمەتیانەی پێدان: چەکی سووک و قورس بدەن بە حکومەتی کوردستان، یارمەتیی ماڵی بدەنێ، بۆ پێگەیاندنی هەندێ کادری جەنگی لاوانی کورد لە فێرگەکانی خۆیان وەربگرن، چاپخانە لە مەهاباد دابمەزرێنن (ڤیلیام ئیگلتون: کۆماری مەهاباد (1946)، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپخانە سەیدییان، مەهاباد، 1358، ل 43).

[111] ئارچی بالد رۆزڤێلت دەڵێ: لە کۆبوونەوەی چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ باقرۆف، باقرۆف بە ڕێبەرانی کوردی گوت شۆڕەوی لاینگری سەربەخۆیی هەموو میللەتە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ئێستا ئەوانە پێویستە هاوکاری بکرێن لەڕێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی خودموختاری (دیموکراتی) کە تەواوی ئازەربایجان بگرێتەوە. ناوبراو هەم حیزبی تودە و هەم حیزبی کۆمەڵەی شکاند و پشتیوانیی شورەوی ڕاگەیاند بۆ حیزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی ئازەربایجان و تکای لە کوردەکانیش کرد جارێ بە شێوەی تاکتیکی پەیوەندی بەم حیزبەوە بکەن و لە ڕاپەڕینی گشتییاندا بەشداری بکەن. قازی محەممەد لە وەڵامی تکای باقرۆفدا باسی لە داوای خودموختاریی کوردەکان کرد. باقرۆف بەڵێنی دا شورەوییەکان پشتیوانی لە خودموختاری کوردەکان بکا و هەروەها سەبارەت بە داواکاریی قازی بۆ وەرگتنی یارمەتی سەربازیش، وەڵامێکی ئیجابی دایەوە و ڕێککەوتنێك کرا لەسەر بنەمای پشتیوانیی شوڕەوی لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئارچی بالدروزڤێلت: کورد لە یادداشتەکانی (ئارچی بالدروزڤێلت، و: کارزان موحەممەد، سلێمانی، 2003، ل 46).

[112] نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا)، س.پ، ل 79.

[113] بۆ نموونە: دەکرێ بەم بابەتانە ئاماژە بکەین: ژنرالسیمۆس ستالین (بەبۆنەی شەست و شەشەمین ساڵی لەدایکبوونی (کوردستان: ژمارە 1، ساڵی یەکەم، 1324)، قانوونی اساسی "ستالینی" ژنرالسیمۆس ستالین پێشوای بەرزی بیکەتی شورەوی (کوردستان: ژمارە 4، ساڵی یەکەم، 1324)، سەمەند سیامەندوف: ڕۆڵەی ڕەشیدی میللەتی کورد (کوردستان: ژمارە 6، ساڵی یەکەم، 1324)، سوپای سور (کوردستان، ژمارە 20، ساڵی یەکەم، 1324)، هوردوی پێشکەوتن (کوردستان، ژمارە 23، ساڵی یەکەم، 1324)، م.ای. کالنین (کوردستان، ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324)، هاوپرسەکی گنرالیسۆس ستالین دەگەڵ پەیام نووسی ڕۆژنامەی "پروادا"، (کوردستان، ژمارە 29، ساڵی یەکەم، 1324)، میللەتی گەورەی ڕووس (کوردستان، ژمارە 30، ساڵی یەکەم، 1324)، دەرەوەی سوویاتی (کوردستان، ژمارە 47، بانەمەڕی 1325)، الوداع ئەی کالنینی عظیم. (کوردستان، ژمارە 56، ساڵی یەکەم، 1325) سەربەستی دین لە ڕووسیای اشتراکی (کوردستان، ژمارە 73، ساڵی یەکەم، 1325)، سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە، شیعری هەژار (کوردستان، ژمارە 11، ساڵی یەکەم، 1324)، جێژنی ئازادی، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارەی 12، 1324)، تاڵ و شیرین، شیعری هێمن (کوردستان، ژمارەی 22، ساڵی یەکەم، 1324)، لە جێژنی شیرکەتی ترقی کوردستان خوێندراوەتەوە (کوردستان ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324)، آونگی سوور، بەمناسبەتی ڕۆینی لەشکری سوور گوتراوە، شیعری هێمن، (کوردستان: ژمارە 44، ساڵی یەکەم، 1325) "ئەسای بیداخەش پیاوان بەکام"، بەڕاوێژی هەورامی گوتراوە، (کوردستان، ژمارە 78، ساڵی یەکەم، 1325).

[114] حکومەتی میللی ئازەربایجان لە 1945/12/12 -(1334/9/21) پێك هات و لەڕێکەوتی 1946/12/12 -(1325/9/21) ڕووخا. کۆماری کوردستان لە 1946/1/22 -(1324/2/1) دامەزرا و لە 1946/12/17 (1325/9/26) هەرەسی هێنا ( جامی: گذشتە چراغ ڕاه آیندە است، چ3، تهران، 1381، ص 309 و حامید گەوهەری: س.پ، ل 390- 395).

یەکیەتی سۆڤیەتیان بە دۆست و پشتیوانی خۆیان زانیوە[115]. بەڵام لەهەمانکاتدا لەبواری لەدایکبوون، پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، جیاوازیان هەبوو، بەتایبەتی چەشنێك لە ڕادیکالیزم کە لە حکومەتی میللی ئازەربایجاندا پەیڕەو دەکرا لە کۆماری کوردستاندا نابینرێ، بۆ وێنە کۆماری کوردستان هیچ کام لەو هەنگاوە شۆشگێرانەی هەڵنەگرت کە دەوڵەتی تەورێز پێی هەستا بوو، وەك نیشتمانیکردنی بانکەکان و ریفۆرمی زەوی و دابەشکردنی[116]. فرقەی دێموکرات هەوڵی دا یەکەم چاکسازیی زەوی لە مێژووی ئێراندا ئەنجام بدا، زەوییەکانی دەوڵەتی و موڵکی ئەو خاوەن زەوییانەی کە دژی فرقە بوون و ڕایانکردبوو بەسەر جوتیاراندا دابەش کرد، (247066) هێکتار زەویی زەراعەتی لەنێوان (209096) جوتیاردا دابەش کرا[117] هەربۆیە خاوەن موڵکەکان پتر لە هەمووان دژی فرقەی دیموکرات بوون، چون هەڕەشە بوو بۆ دەسەڵاتی ئەوان، هەر بۆیە زۆربەی ئەوان پێش ئەوەی جوڵانەوەکە بە دەسەڵات بگا ڕایان کردبوو[118] بە پێچەوانە لە کوردستان دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان ئیمتیازەکانی خۆیان لە کوردستاندا پاراستبوو[119] هەربۆیە پیاو ماقوڵان و مەزنەکانی ئازەربایجان مەیلی پەیوەستبوون بە حکومەتی میللی ئازەربایجانیان نەبوو، ئەم کەسانە لە کردە پێشکەوتووخوازەکانی ڕێبەرانی تەورێز زراویان چووبوو، بە پێچەوانە پێیان خۆش بوو سەر بە مەهاباد بن کە کۆنەپارێزیی ڕێبەرانی دڵنیایی پێدەدەن[120] کونسوولی گشتی بەریتانیاش لە تەورێز ئاگاداری ئەم جیاوازییە لە پەیوەندیی نێوان جوتیار و دەرەبەگ لەم دوو دەسەڵاتەی کورد و ئازەری هەیە و لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە تاران دا دەنووسێ: خاوەن موڵکە کوردەکانی ناوچە حاسڵات و خەلە و خەرمان بە پێی سیستەمی کوردی دابەش دەکەن، بەڵام خاوەن موڵکە ئازەرییەکان دەبێ یاسای دابەشینەوەی حاسڵاتی ئازەربایجان ڕەچاو بکەن[121].

ڕادیکاڵیزمی حکومەتی میللیی ئازەربایجان کە ڕیشەی لە تێڕوانینی ڕێبەرانی هەرە پێشەوەی فرقەی دیموکراتدا بوو[122] کە پاشخانی کۆمۆنیستان هەبوو، ترس و نیگەرانیی ڕێبەرانی ئایینی ئازەربایجانی لێکەوتەوە، بەجۆرێك کە لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەسەڵاتگەیشتنی فرقەی دێموکرات، ڕیبەرانی ئایینی بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە لەگەڵ کەسانێك کە "ئەهلی کوفر"ن چالاکانە دژایەتی دەکەن[123]بە پێچەوانە لە کۆماری کوردستاندا نە چاکسازییەکان ڕادیکاڵن و نە ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دیموکرات ڕابردووی چالاکی لە حیزبەکانی کۆمۆنیست و تودەیان هەیە، بەڵکو خودی ڕێبەری کۆماری خۆی کەسایەتییەکی ڕوحانییە و هەم سەرۆك وەزیران و وەزیری داد

---

[115] بۆ زانیاری زیاتر لە پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازەربایجان کە زۆرجار تووشی گرژی و ئاڵۆزبوون دەبوون، بڕوانە: (د.ئەفراسیاو هەورامی: پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لە ساڵی 1946 (لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا)، سلێمانی، 2008 و ڕیچارد ئەی موبلی: پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، و: حەسەنی قازی، ب.ش، ب.س.

[116] کریس کوچرا: م.ق، ص 220.

[117] جان فوران: م.ق، ص 311.

[118] حسين جودت: 21 آذر يك روز تاريخی در جنبش انقلابی ايران، دنيا، نشريه سياسی و تئۆريك، كميته مركزی حزب توده ايران، ژماره 8، آبانماه 1354، ف 11.

[119] عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 92.

[120] کریس کوچرا: م.ق، ص 215.

[121] ئەنوەر سوڵتانی: س.پ، ل 281.

[122] هەر حەوت ڕێبەری پلە بەرزی فرقەی دیموکرات کە بریتیی بوون لە پێشەوەری، شەبستەری، پادگان، جاوید، کاویان، دانشیان و بی ریا، لە ڕووسیای تێزاری خوێندبوویان و ماوەیەکی بەرچاو لە چالاکی سیاسیی خۆیان لەم وڵاتە و یەکیەتی سۆڤیەتی دواتر تێپەڕکردبوو و لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (1920) و حیزبی توده (1941) چالاکیی سیاسیان هەبووە. (تورج اتابکی، م.ق، ص 128). بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕابردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکومەتی میللی ئازەربایجانی بڕوانە هەمان سەرچاوە، ص 137-139).

[123] پیشین، ص 175. زۆربەی زانایانی شیعە لە ئازەربایجان نەیاری فیرقەی دیموکرات بوون، زانای وەك ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، تەورێزی بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە دیموکراتەکان جێهێشت و دواتر بەدوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت و هەرەسهێنانی حکومەتی میللی ئازەربایجان، پێشوازیان لە هێزەکانی ئێران کرد، چەند مانگ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی فرقەی دیموکرات لە ساڵی (1325)، (1946) زانایانی تەورێز لە قوتابخانەی عالیەی ئەو شارە بە گەرمی پێشوازیان لە حەمەڕەزا شا کرد. (د. حميد احمدی: ايران (هويت، مليت، قوميت)، تهران، 1383، ص 110).

کەسایەتیی ئاینی- رۆحانین[124] هەربۆیەش ئەو شێوە کاردانەوەی پیاوانی ئاینی لە ئازەربایجان لە کوردستان نابیندرێ.

بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی- کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری و نفوزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەر بەم چین و توێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو و شوێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستاندا سروشتی بوو ئەنجامدانی بەرنامەکانی رادیکاڵی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە. سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی قازی محەممەد زۆرتر لە فۆرمولێك گەڕاون بۆ پێکەوە گونجان و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان درەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەم وەك چالەنجی نێوان جوتیار و خاوەن موڵك، سەرۆك عەشایرەکان و خەڵکی شار[125] و سوونەت و مۆدێرنیتە بدۆزرێتەوە و لەژێر چەتری یەکیەتیی نەتەوەییدا کۆیان بکاتەوە. لە قەوارەی حیزبیشدا ئەم هەوڵە ڕەچاوکراوە و باڵی چەپی نێو (ژ- ك) هەرچەندە ئێستا لە ڕێکخستنی نوێدا دەرفەتی دەرکەوتنی پێشوو و پراکتیزەکردنی بەرنامەکانی نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا جۆرێك حەوانەوەی لەگەڵ باڵی ڕاست و کۆنسرڤاتیڤدا هەیە.

## دەرەنجام

1. بیری چەپ لە ڕێگەی جۆراوجۆر وەک بزاڤی سۆسیال دێموکڕاتی، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی توودەی ئێرانو هاتنی هێزەکانی سوپای سوور بۆ ئێرانو پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان هاتۆتە کوردستان.
2. بانگەشەی چەپ بۆ دادپەروەریو نەهێشتنی هەرچەشنە ستەمێکو ڕزگاربوونی بەشێکی ناوچە کوردییەکان لە ژێر ستەمی دەوڵەتی ناوەندی، لە ئەنجامی هاتنی سوپای سوور، سەرنجو پشتیوانی ڕووناکبیرانو بەشێکی دەستەبژاری کوردی لە بیری چەپ لێکەوتەوە.
3. یەکەم ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "حیزبی ئازاد"و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ-کاف) کە هەڵگری پێناسی "نەتەوەیی- ئاییینی" بوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپیان بەسەرەوە.

[124] حاجی سەید بابە شێخ: رەئیسی هەیئەت رەئیسەی میللی کوردستان (سەرۆك وەزیران) لەدوای قازی محەممەد بە کەسی دووهەمی کۆماری کوردستان دادەنرا و گرینگترین ڕێبەری ئایینی کوردەکانی باکووری ئێرانە. ئەو تەمەنی نزیك بە شێست و پێنج ساڵی دەبێ، ڕیشی سپی سیمایەکی تەواو ڕووحانی پێداوە و زۆر ڕێزدارە. (کاوە بیات: کردها و فرقه دموکرات آذربایجان، گزارشهایی از کنسولگری آمریکا در تبریز- دی 1323- اسفند 1325، تهران 1389، ل 112) رەیسی عەدلیە (وەزیری داد) مەلا حوسێنی مەجدی یە (ڤلیام ئیلگتون، ت: سید محمد صمدی، چاپخانە سیدییان، مەهاباد، 1358، ل 134). ڕاگەیاندنی کۆماری لە مەهاباد سەرجەم (17) کەس وتاریان پێشکەش کرد کە (5) کەس لە کەسانی ناوداری ئاییینی ناوچەی موکریان بوون (مەلا حوسێنی مەجدی، حاجی بابە شێخ سیادەت، شێخ حەسەن شەمسی بورهان، سەید عەبدولعزیز، سەید عبدوللای گەیلانی (شەمزینی) و سەید موحەممەدی تەها زادە) (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە 11، ساڵی 1324)

[125] حەسەن ئەرفەع سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتیی سوپای ئێران، لەم بارەیەوە دەڵێ: "خاوەن موڵکەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان کە وەك ئەندامانی کابینەی دەوڵەت هەڵبژێردرابوون بەهەموو تواناوە هەوڵیاندەدا کە سیاسیەتی ناوەخۆیی کۆنترۆڵ بکەن و پێش بەهەر چەشنە چاکسازییەکی زەوی و زار و هی تر کە بەرژەوەندی ئەوان بخاتە مەترسیەوە. لەلایەکی تر بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك لە چینی مام ناوەند و چەپی شار دەیانەویست بەهۆ جۆرێك بێ بە یارمەتی ڕووسەکان سەرەتا لە دەستی سەرۆك عەشیرەتەکان و دواتر بوژوازەکانی ناو کابینەی دەوڵەت ڕزگاریان بێ. قازی موحەممەد ئاگاداری ئەم ڕووداوانە نەبوو و هەوڵیدەدا بەپێی بیروبۆچوونی خۆی باروودۆخەکە مودیرێت بکات (حسن ارفع: م.س، ص 85). ڕێبەرانی فیودال و سەرۆك عەشیرەتەکان پلە و پایەی باشیان لە کۆماری وەرگرت بۆ نموونە: لە چوار ژەنەراڵی هێزی پێشمەرگە سێیان سەرۆك عەشیرە بوون، (عباس ولی: ناسیونالیزم کرد در ایران، دوره تکوینی 1942- 1947، ت: رشید احمد رش، نوسیا، گاهنامەی سیاسیم اجتماعی، فرهنگی، شمارە 2، تهران، 2004، ص 185).

4. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر دادرپەردووی (ژ-کاف) دامەزرا، بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕێبەرانی (حدک) بەرنامەی ئەم حیزبە ڕادیکاڵیزمی (ژک-کاف)ی پێوە دیار نییەو بە بەراورد بە حکوومەتی میللی ئازەربایجان، کۆماری کوردستان هەنگاوەکانی بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتیی کۆنەپارێزانەیە. خاوەن تێروانینە چەپەکان کە لە (ژ-کاف)دا دەستپڕۆیشتوو بوون، لە (حدک)دا خراونەتە پەراوێزەوەو گوتاری نەتەوەیی لەم قەناغەدا باڵادەستە.

## لیستی سەرچاوەکان

### 1. سەرچاوە کوردییەکان

#### أ- کتێبەکان:


1. ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا (وەرگیراوی کوردی 130 بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2005.
2. ئارچی روزڤێلت. کورد لە یادداشتەکانی (ئارچی بالدروزڤێلت)، و: کارزان موحەممەد، سلێمانی، 2003
3. هیوا عەزیز سەعید. خۆیبوون، هیوا، ژ- ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی)، سلێمانی، 2006.
4. هێمن موکریانی: دیوانی هێمن، سلێمانی، بهاری 2708 کوردی (2007ز).
5. هاشم سەلیمی، پێشەوای ڕابوون (بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون)، و: ڕەسووڵ سوڵتانی، هەولێر، 2007.
6. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتی‌دا)، چاپی دووەم، هەولێر، 1993
7. ناهیدە شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەکردنی چیمەن ساڵح، هەولێر، 1999.
8. نازناز محەممەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، (1961- 1975)، هەولێر، 2008.
9. مەلا قادر مودەریسی (سەید موحەممەد سەمەدی، ژ- ک) چ بوو؟، چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟، مەهاباد: چاپخانەی سیدیان، 1980.
10. مەحموودی مەلا عیزەت، کۆماری میللیی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، 1984.
11. مەحموودی مەلا عیزەت، کۆماری میللیی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، 1984.
12. محەممەد ڕەزا سەیف قازی: نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی – بەڵگەنامەکان- و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی، 2008.
13. کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی پێشەوا، 1971.
14. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران 1947- 1978، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، 1996.
15. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران 1947- 1978، بەرگی دووهەم، ستۆکهۆلم، 1997.

16. کەریم حیسامی، بیرەوەرییەکانم (لە منداڵییەوە تا ساڵی 1957)، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، 1986.
17. کەریم حیسامی: کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟ چ2، ستوکهوڵم، 1986.
18. ڤیلیام ئیگلتن: کۆماری مەهاباد (1946)، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپخانە سەیدییان، مەهاباد، 1358.
19. فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، 2012
20. ج عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) چ2، سلێمانی، 2005.
21. عەبدولقادر دەباغی: ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ- ك، بڵاوکراوەی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 1367.
22. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم (1332- 1336)، کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، 1991.
23. عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، پاریس، 1977.
24. عەبدولرەحمان قاسملوو: کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، و: عەبدوڵا حەسەن زادە، بنکەی پێشەوا، 1973.
25. عەبباسی وەلی: پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید، 1995.
26. علائەدین سەجادی: شۆرشەکانی کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی معارف، 1959.
27. عزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتیمانی، وەرگێرانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2006.
28. سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چ بوو، چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟ بلاوکراوەی چاپەمەنی سەییدیان، مەهاباد، 1361
29. سدیق ساڵح: بیرەوەرییەکانی محەممەد شاە پەسەندی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007.
30. ژیان و شیعرەکانی سەیفولقوزاتی قازی (1876- 1945)، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن قازی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008.
31. ڕیچارد ئەی موبلی: پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، و: حەسەنی قازی، ب.ش.چ، ب.س.
32. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2002.
33. د.ئەفراسیاو هەورامی: پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لە ساڵی 1946 (لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا)، سلێمانی، 2008.
34. د.عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ4، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.
35. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد(1939- 1979)، چاپی دووهەم، سلێمانی، 2011.
36. د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی (سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1943- 1947)، هەولێر، 2008.

37.حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001.
38.حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم، 1999.
39.حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011.
40.جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانەیە لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و گەشەسەندنی لە ڕۆژگاری بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود و قازی محەممەددا، سلێمانی، 2004
41.جوتیار تۆفیق، بیلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا(1908- 1998)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007.
42.مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شۆڕشی ئەیلوول،(1961-1975)، بەرگی سێهەم، بەشی دووهەم، ب.ش.چ، ب.س.
43.نادر ئینتسار: ئیتنونەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.
44.مەهدی محەممەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 194501958، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005.

ب. **گۆڤارەکان:**

1. عەبدولڕەحمان زەبیحی: وەڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی روزڤێلت، و: جوتیار حاجی تۆفیق، ئایندە (گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ) ژ4، سالی پێنجەم، سلێمانی، 2003
2. آمانجی ئێمە، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 1، سالی یەکەم، پوشپەڕی 1322، جولای 1943.
3. ایمە و مردم، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 2، سالی یەکەم، خەزەڵوەری 1323.
4. دوو کچە کورد لە تورکیا، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 7 و 8 و 9، سالی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی 1324
5. سکاڵایەك لەگەڵ نیشتمان، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 6 سالی یەکەم، ڕەشەمێی 1322.
6. شیعری م.ش.هێمن، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 3 و 4، سالی یەکەم، سەرماوەز و ڕێبەندانی 1322.
7. گۆڤاری کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە 1، 15 سەرماوەزی 1324، 6 دیسەمبەری 1945.
8. ئینقلابی گەورەی ئوکتوبەر، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 5، سالی یەکەم، ڕێبەندانی 1323

ج. **ڕۆژنامەکان:**

1. آونگی سوور، بەمناسبەتی ڕۆینی لەشکری سوور گوتراوە، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارە 44، سالی یەکەم، 1325
2. تاڵ و شیرین، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارەی 22، سالی یەکەم، 1324.
3. جێژنی ئازادی، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارەی 12، 1324.
4. دەرەوەی سوویاتی، کوردستان، ژمارە 47، بانەمەڕی 1325.
5. ژنرالسیمۆس ستالین (بەبۆنەی شەست و شەشەمین سالی لەدایکبوونی. کوردستان. ژمارە 1، سالی یەکەم، 1324
6. سوپای سور، کوردستان، ژمارە 20، سالی یەکەم، 1324.

7. سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە، شیعری هەژار، کوردستان، ژمارە 11، ساڵی یەکەم، 1324.
8. سەربەستی دین لە ڕووسیای اشتراکی، کوردستان، ژمارە 73، ساڵی یەکەم، 1325.
9. سەمەند سیامەندوف: ڕۆڵەی ڕەشیدی میللەتی کورد، کوردستان، ژمارە 6، ساڵی یەکەم، 1324.
10. قانوونی اساسی "ستالینی" ژنرالسیمۆس ستالین پێشوای بەرزی یەکەتی شورەوی، کوردستان، ژمارە 4، ساڵی یەکەم، 1324.
11. کوردستان: ارگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان: ژمارە 79، ساڵی یەکەم، 29ی گوڵانی 1325.
12. لە جێژنی شیرکەتی ترقی کوردستان خوێندراوەتەوە، کوردستان، ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324
13. م.ای. کالنین، کوردستان، ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324.
14. میللەتی گەورەی ڕووس، کوردستان، ژمارە 30، ساڵی یەکەم، 1324.
15. هاوپرسەکی گنرالیسۆس ستالین دەگەڵ پەیام نووسی ڕۆژنامەی "پروادا"، کوردستان، ژمارە 29، ساڵی یەکەم، 1324.
16. هوردوی پێشکەوتن، کوردستان، ژمارە 23، ساڵی یەکەم، 1324.
17. الوداع ئەی کالنینی عظیم، کوردستان، ژمارە 56، ساڵی یەکەم، 1325.
18. ئەسای بیداخەش پیاوان بەکام، بەڕاوێژی هەورامی گوتراوە، کوردستان، ژمارە 78، ساڵی یەکەم، 1325

**2. سەرچاوە فارسییەکان**

**أ- کتێبەکان:**

1. بهروز طیرانی: اسناد احزاب سیاسی ایران، 1320- 1330، انتشارات سازمان علی ایران، تهران، 1376.
2. تورج اتابکی: آذربایجان در ایران معاصر، ت: محمد کریم اشراق، تهران، 1376.
3. د.محمود قادرزادە، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو ( چهرە مهاباد)، تهران، 1374
4. ریچارد کاتم و دیگران، نفت ایران، جنگ سرد و بحران آذربایجان، ترجمە کاوە بیات، تهران، 1379
5. کاوە بیات: کردها و فرقە دموکرات آذربایجان، گزارشهایی از کنسولگری آمریکا در تبریز- دی 1323- اسفند 1325، تهران 1389.
6. ناصر باباخانی: عبدلرحمان زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان، مهاباد، 1378
7. محمود نکوروح، نهضت خداپرستان سوسیالیست، تهران1377

**ب- گۆڤارەکان:**

1. امیر سجادی: ژ- ک از پارادایم فربەسازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژهەڵات، ژ 17

2. د.عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشم‌انداز، ویژه‌نامه، نشریه سیاسی- راهبردی شماره 3، 1383.
3. دکتر صلاح الدین خدیو: در دفاع از تاریخ (نقدی بر مقاله احسان هوشمند در چشم انداز ایران) پیام کردستان، 21 دسامبر 2000
4. ساسان رجائی: نگاهی به ریشه‌های چپ مذهبی، نشریه راه آزادی، ژماره 59
5. عباس ولی: ناسیونالیزم کرد در ایران، دوره تکوینی 1942- 1947، ت: رشید احمد

## References

### Books


Abdulghader, N, M. (2008). Iran's policy towards Kurdish liberation movements in Iraqi Kurdistan (1975-1961). Erbil.

Ali, J. (2004). Nationalism andKurdish nationalism; A study estimated the emergence of nationalism and its development at the time of Sheikh Mahmod and Ghazi Mohammad’s movements. Suleimania.

Ali, J. (2007). Biography of Kurdish Journalism in East Kurdistan and beyond (1908-1998). Suleimania: Zhin center.

Amin, N, M. (1993). Kurdistan government; Kurds and Soviet games. Erbil.

Asasard, F. (2012). Dimensions of kurdish political thinking after World War II. Academy of awareness and growth of members. Suleimania.

Barzani, M. Barzani and Kurdish liberation movements; Eilol revolution (1961-1975).

Dabbaghi, A. (1988). J-K’s Uprising. From the publishing center of the Kurdistan Democratic Party of Iran.

Eggleton, W. (1979). Republic of Mahabad 1946. Translated by Samadi, S, M. Mahabad: Seyedian publishing center.

Ezzat, M, M. (1984). National Republic of Mahabad;A historical and political research.ShahidEbrahimAzopublishing center.

Gavhari, H. (1999). Kurdistan revival group. Stockholm.

Gavhari, H. (2011).Republic of Kurdistan. Erbil: Shahabpublishing center.

Ghader, M, M. (2005). Political events in Iraqi Kurdistan (1945-1958).Suleimania: Kurdistan Strategy Research Center.

Ghazi, M, R, S. (2008). The secrets of Ghazi Mohammad and comrades on trial. Translated by Majidi, A, A. Suleimania.

Hesami, K. (1971). The caravan of the martyrs of Kurdistan of Iran. Peshewa publishing center.

Ghaselmo, A. (1991). Forty years of struggle for freedom. From the publishing center of the Kurdistan Democratic Party of Iran.

Ghaselmo, A. (1973). Kurdistan and Kurd; A political and economic research. Translated by Hasanzadeh, A. Peshewa publishing center.

Hesami, K. (1996). Kurdistan of Iran (1947-1978). Stockholm.

Hossein, D, H. (2008). Kurdish journalism; The period of the Democratic Republic of Kurdistan (1943-1947). Erbil.

Howrami, D, A. (2008). Communications of the Republic of Kurdistan and the Republic of Azerbaijan and Disconnect at 1946. Suleimania.

Intisar, N. (2004). Kurdish intonation. Translated by Gharadaghi, A. Suleimania: Tishkpublishing center.

Hesami, K. (1986).My memories; From childhood to 1957. Stockholm.

Hesami, K. (1986). Democratic Republic of Kurdistan or autonomy? Stockholm.

Karimi, A. (2005). AbdullrahmanZabihi’s biography and story. Suleimania.

Madani, H. (2001). Kurdistan and government strategies. Erbil.

McDowall, D. (2002). Contemporary History of Kurdistan. Translated byKhoshnav, A. Suleimania.

Mobley, A. R. (2002). Communications of the Republic of Kurdistan and the Republic of Azerbaijan. Translated by Ghazi, H.

Modarresi, M, Gh. & Samadi, S, M. (1980). What was J-K? What did that want? What did happen to that? Mahabad: Seyedianpublishing center.

Mokryani, H. (2007). Hemn's poetry poem. Suleimania.

Roosevelt, A. (2003). Kurd in the notes of Archibald Roosevelt. Translated by Mohammad, K. Suleimania

Saïd, A. H. (2006). To be independent; Hope& J-K. ( Anestimated research). Suleimania.

Sajjadi, A. (1959). Kurdish revolutions and republic of Iraq. Baghdad: Maaref publishing center.

Salami, H. (2007). Leader of the uprising; Memories of SaïdHomayoon. Translated by Soltani, R. Erbil.

Saleh, S. (2007). Memories of Mohammad Shahpasandi. Suleimania.

Salam, N, Sh. (1999). What I remember. Saleh, Ch (red). Erbil.

Sardashti, D, Y. (2011). Kurdistan of Iran; A A historical research.of Kurdish national liberation movements (1939-1979). Suleimania.

Sharafkandi, A. (1997). Cheshtimjevr. Paris.

Shamzini, A. (2006). National liberation movements. . Translated byAsasard, F. Suleimania
Solatni, A & Ghazi, H. (2008). Saifolghozat Ghazi's life and poetry (1876-1945). Suleimania: Zhin center.

Soltani, A. (2005). East Kurdistan in the documents of the Ministry of Foreign Affairs of the United Kingdom. (Translated to Kurdish, 130 documents). Suleimania: Zhin center.

Vali, A. (1995). The foundation and rise of kurdish nationalism in Iran. Translated by Ghazi, H. Sweden.

**Kurdish Magazine**

Complaint with Homeland. (1943). Nishtiman Magazine No.6, Year 1

Great October Revolution. (1944). Kurdistan Magazine No.5, Year 1

Mukriyani, H. (1943). Poems, Nishtiman Magazine No.3,4, Year 1

Our Goal. (1943). Nishtiman Magazine No.1, Year 1

Policy and Regulations of Kurdistan Democratic Party. (1945). Kurdistan Magazine No.1

Two Kurdish Girls in Turkey. (1945). Nishtiman Magazine No.7,8,9, Year 1

The People and Us. (1944). Nishtiman Magazine No.2, Year 1

Zebahi, R. (2003). A reply to Archibald Roosevelt and Jotyar Haji Tofigh Art and Literature Magazine No.4, Year 5

**Kurdish Newspaper**

Freedom of Religion in Russia. (1946). Kurdistan Newspaper No.73, Year 1

Generalissimus Stalin (For His 66thBirthday)1945. Kurdistan Newspaper No.1, Year 1

Kalanin, M.A. (1945). Kurdistan Newspaper No.24, Year 1

Kurdistan Democratic Party Member 1946. Kurdistan Newspaper No.79, Year 1

********. (1945). Kurdistan Newspaper No.24, Year 1

Mukriyani, H. (1946). Awangi Sor (This poem was written when the Red Army Left) Kurdistan Newspaper No.44, Year 1

Mukriyani, H. (1945). Tal and Shirin PoemKurdistan Newspaper No.22, Year 1

Mukriyani, H. (1945). Freedom Party Poem Kurdistan Newspaper No.12

Outside of Society. (1946). Kurdistan Newspaper No.47

Parwada Newspaper Interview with Generalissimus Stalin, (1945). Kurdistan Newspaper No.29, Year 1

********. (1945). Kurdistan Newspaper No.23, Year 1

********. (1946). Kurdistan Newspaper No.56, Year 1

********. (1946). Kurdistan Newspaper No.78, Year 1

Red Army 1945. Kurdistan Newspaper No.20, Year 1

Sharafkandi, A. (Hejar). (1945). Sad Bahar Nokari Aw Zistana Poem Kurdistan Newspaper No.11, Year 1

Siamandov, S. (1945). Brave Kurdish ChildKurdistan Newspaper No.6, Year 1

Stalinist constitution (Generalissimus Stalin Leader of U.S.S.R) 1945. Kurdistan Newspaper No.4, Year 1

The Great Nation of U.S.S.R. (1945). Kurdistan Newspaper No.30, Year 1

**Persian Books**

Atabaki, T. (1997). Azerbaijan in Contemporary Iran: Mohammad Karim Eshragh

Babakhani, N. (2000). Abdol Rehman Zbayhi unfinished charisma, *Publishing Sayyidan*

Bayat, K. (2010). Kurds and Democratic Party of Azerbaijan, reports from the US Consulate in Tabriz on February, 1944-March 1946

Catech, R. & Others, (2000). Iranian Oil, Cold War and the Azeri Crisis, translated by Kaveh Bayat

Ghaderzadeh, M. (1995). Memories of Dr. Asou (Image of Mahabad) adventurous life

Nekoorouh, M. (1998). Movement of Socialist Godfolk.

Tayrani, B. (1997). Political Parties of Iran Documents, 1941-1951, Publications of National Organization of Iran

**Persian Magazine**

Abrishami, A. (2004). Kurdistan is always discoverable, landscape, specialty, political publication, S*trategy*, No. 3

Khadio, S. (2000). In defense of history (Critique of Ehsan Houshmand's article in Iran's perspective) *Kurdistan message.*

Raja'I, S. A Look at the Religious Leftist, *Journalists for Freedom*, No.59

Vali, A. (1947). Kurd nationalism in Iran, *Rashid Ahmad.*

Sajjadi, A. J-K from Junction of the Cultural Facilitation Paradigm to Political Radicalism, *Rojhalat*, No.17